

# دروستکردنی گۆچانی پۆڵاین بۆ تێکشکانی تیرۆریسم



**((هێرشە تیرۆریستیەکەی هەفتەی ڕابردوو کە کرایە سەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، هێرشێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو بوو، ڕاستە دوای زیاتر لەشەش ساڵ ئەمە یەکەمجار بوو هێرش و تەقینەوەی لەوجۆرە لە هەولێر ڕوویدات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو تیرۆریستان دەتوانن خافڵگیرانە و نامەردانە دەستی خۆیان بوەشێنن و ئارامی کوردستان بشێوێنن، بە پێچەوانەوە گیانی بەرگریکردنی پیاوانی ئاسایشی کوردستان ورەیەکیان پێ بەخشینەوە کە دڵنیابین لەوەی تیرۆریستان ناتوانن لە کوردستان هیچ سەرکەوتنێک بە دەست بهێنن، گیانی مقاوەمەتی پیاوانی ئاسایش پێیان وتین، کاتێک پیاوانی ئاسایش ئامادەبن باوەش بە خۆکوژەکاندا بکەن بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان پوچەڵ بکەنەوە، ئەوا ئەو ئیرادەیەش هەیە کە گۆچانی پۆڵا دروست بکات و بەئیرادەیەکی پۆڵایین لە تیرۆریستانی بسرەوێنێت)).**

### بەرهەمهێنانی رق و قین
### چاو هەڵنەهاتن بە کوردستان

ئەگەر رق و قینی تیرۆریستان بەرهەمی ئەو گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستیانە بێت کە خۆیان دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی فاشیل و سیاسەتی فاشیلن، ئەوا زۆر ئاساییە تیرۆریستان ئەم رق و قینە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هەڵبڕێژن کە توانیوویەتی نموونەیەکی جوانی سەرکەوتنی دیموکراتی پیشانی جیهان بدات، لەبەر ئەوەی ئەو هێرشە تیرۆریستیەی کە کرایە سەر ئاسایشی هەولێر لە هەفتەی رابردوو، تەنیا دوای یەك ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی ئامانجە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، ئەمەش مانای ئەوەیە دەسنیشانکردنی هەولێر و بەتایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بۆ ئەم هێرشە تیرۆریستیە، کارێکی بە بەرنامە و تیرۆریستان لەبەر چەندین هۆکار هەولێر و ئاسایشی هەولێریان کردۆتە ئامانج:

١. لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوول زۆرینەی شاری هەولێر دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دابوو، پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەمی هەلبژاردنەکان بوو، بۆیە هەولێر و پارتی لەو ڕۆژەدا سەرمەستی ئاهەنگ گێڕانی سەرکەوتنی هەڵبژاردن بوون، تیرۆریستان ویستیان ئەم ئاهەنگ و خۆشیەی هەولێر و پارتی بشێوێنن.

٢. ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی لە هەولێردا بوونی هەیە، بەرهەمی شەونخوونی و قوربانیدانی پیاوانی ئاسایش و تەواوی دەزگا پەیوەندارەکانی دیکەیە بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، کەواتە ئامانجی تیرۆریستان بۆ هەڵکوتانە سەر دەزگاکانی ئاسایش بۆ ئەوە بووە، ئەو هێزە بشڵەژێنن کە توانیوویەتی ئەم ئاسایشە فەراهەم بکات، ئەم شڵەژانەش چەندین ئامانجی لە پشتەوە بوو، کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

* هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان ئێستا زیاتر لە ٢٥ کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتانی جیهانی تێدایە کە لەنێویاندا کونسوڵخانەی چوار دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیە.

* هەولێر نووسینگەی سەدان کۆمپانیای گەورەی لێکراوەتەوە و هەمووشیان لە کوردستان کاری وەبەرهێنان دەکەن و پرۆژەی گەورە جێبەجێ دەکەن.

* هەولێر دەستنیشانکراوە کە پایتەختی گەشتوگوزاری وڵاتانی عەرەبی بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان بۆتە شوێنێکی ئارام بۆ گەشت و گوزار و پیشەسازی گەشت و گوزاری.

* خاڵی هەرە گرنگ کە تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستانی شێتگیر کردووە، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خۆیدا

هەر لە هەولێرەوە بە هەموو گەلی کوردستانی راگەیاند، سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردن واتە هەنگاو هەڵگرتنی کوردســـتان بەرەو ئامانجی گەورەتر لە فیدرالی، پارتی دیموکراتـــی کوردســـتانیش بـــراوەی هەڵبژاردنەکەبوو، کەواتە ئامانجێکی دیکەی تیرۆریستان بۆ دروستکردنی ئاســـتەنگ بووە بۆ ئەوەی رێگە بگـــرن لەوەی پارتی هەنگاو بۆ ئامانجی گەورەتر لە فیدرالی هەڵبگرێت.


ئەگەر کۆی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، هەموویان پێکەوە سەیر بکەین و هەڵوەســـتەیان لەسەر بکەین، ئەوا دەگەینـــە ئەو دەرەنجامەی کە تیرۆریســـتان هەموو ئەو خاڵانەیـــان لەبەرچاوگرتـــووە بۆیە هەولێر بەگشـــتی و ئاسایشـــی هەولێریان بە تایبەتـــی کردۆتە ئامانج، بەڵام ئـــەوەی لە ئاکامی ئەم هێرشـــە تیرۆریســـتیە بینیمان، پیشاندانی کۆمەڵێك ئیرادەی پیاوانی ئاسایش و خەڵکی شـــاری هەولێر بوو کە قەت مەزندەی بۆ نەکراوە، گرنگە ئەم لایەنە بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین:

* ئەم هێرشـــە تیرۆریســـتیەی کرایە ســـەر ئاسایشی هەولێر تەنها کردەوەیەکی خۆکـــوژی یان تەقینەوەیەکی تیرۆریســـتی نەبووە لە شوێنێکدا رووبدات و بەس، بەڵکو پیلانی ئەم هێرشـــە چەند قۆناخێك بوو، لە بەشـــێکیدا تیرۆریســـتانی خۆکۆژ دەستەو یەخە رووبەڕووی پیاوانی ئاسایش بوونەوە.

* لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی هێرشـــە تیرۆریســـتیەکە چەند ســـاتێکی خایاند، بۆیە بێجگە لە چەند خولەکێك دوای ئەنجامدانی تەقینەوەی یەکـــەم، رووبەڕووبوونەوە و تەقینەوەکانی دیکە راســـتەوخۆ لە رێگەی شاشـــەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەگوازرانەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم تەقینەوەیە لەنێو ماڵی هەر تاکێکی کوردســـتانی بووە، ئەوجـــا چ لە هەرێمی کوردســـتان بوون یـــان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئامانجی تیرۆریستانیش لە بەشکردنی پیلانەکەیان بۆ ســـوود وەرگرتن بووە لەو ئازادییەی کە لە هەرێمی کوردســـتان هەیە و لە پێناوی ئەوە بووە ترس و تۆقاندن بخەنە دڵی هەر تاکێکی کوردستانەوە.


لەبەرامبەر ئـــەم پیلانە نامرۆڤانەیەی تیرۆریســـتان بۆ شێواندنی ئارامی و سەقامگیری هەولێر و تەواوی هەرێمی کوردستان دایانڕشتبوو، ئەم کاردانەوە کتوپڕانەمان بینی:

١. شەڕی دەســـتەویەخەی نێوان تیرۆریستان و پیاوانی ئاســـایش، دوای تەقینەوەی یەکەم بـــووە، ئەمە مانای ئەوەبووە، پیاوانی ئاســـایش دوای تەقینەوەی یەکەم نەك هەر نەشڵەژاون، بەڵکو شێلگیرانەتر رووبەڕووی تیرۆریستان بوونەتەوە و هەتا گەیشتۆتە ئەوەی قارەمانێکی ئاسایش باوەشـــی بە تیرۆریســـتێکی خۆکوژدا کردووە بۆ ئەوەی خۆی شـــەهید بێت، بەڵام رێگە نەدات ئاسایشی هەولێر بشـــڵەژێت، ئەم گیانی مقاوەمـــەت و قارەمانیە گیانی



**شەهید خدر محەمەد سەلیم هەرکی**

لە یەکێک لە گوندەکانی سنووری شارۆچکەی مەسیف سەڵاحەدین، لە بەرواری (١٩٦٨/٢/٢) لەدایک بووە، بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لە بەرەنگار بوونەوەی هێرشە خۆکوژەکەی تیرۆرستە چاو چنۆکەکان لە رێکەوتی (٢٠١٣/٩/٢٩) لەبەر دەم بارەگای بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر چووە رێزی شەهیدانەوە.



**شەهید جاسم محەمەد سەعید تاهیر**

لەساڵی ١٩٧٧ شەهیدی سەربەرز (جاسم) لە شاری دیوانییە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە لەکاتی کردەوە تیرۆرستیەکەی٢٠١٣/٩/٢٩بەردەمی بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بە سەختی بریندارببوو بە هۆی سەختی برینەکەیەوە بەداخەوە لە رێکەوتی (٢٠١٣/١٠/١) دەچێتە رێزی کاروانی شەهیدە سەربەرزەکانەوە.



**شەهید رەسول مامەند رەسول**

لە ( ١٩٨١/١٠/٤) لەگەڕەکی مەنتکاوەی شاری قەڵاو منارە چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بەداخەوە ئەم قارەمانە لە کارە قێزەوەنە تیرۆرستیەکەی رێکەوتی (٢٠١٣/٩/٢٩) بەردەم بارەگای بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر شەهید بوو.

**قارەمانیەتی ئەمجارەی پیاوانی ئاسایشی هەولێر هەمان راستی سەلماندەوە، کە دروشمی(کوردستان یان نەمان)ی شۆڕشی ئەیلوول، هێشتا بەرنامەی پیاوانی ئاسایش و پارێزەرانی ئەم وڵاتەن**

**خاڵی هەرە گرنگ کە تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستانی شێتگیر کردووە، ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خۆیدا هەر لە هەولێرەوە بە هەموو گەلی کوردستانی راگەیاند، سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردن واتە هەنگاو هەڵگرتنی کوردستان بەرەو ئامانجی گەورەتر لە فیدرالی**

**ئامانجی تیرۆریستانیش لە بەشکردنی پیلانەکەیان بۆ سوود وەرگرتن بووە لەو ئازادییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و لە پێناوی ئەوە بووە ترس و تۆقاندن بخەنە دڵی هەر تاکێکی کوردستانەوە**

ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولمان بیردێنێتەوە کە بەخەنجەرەوە پەلاماری دەبابەیان داوە بۆ ئەوەی رێگە نەدەن پۆستاڵی داگیرکاران خاکی کوردستان پیس بکات، قارەمانیەتی ئەمجارەی پیاوانی ئاسایشی هەولێر هەمان راستی سەلماندەوە، کە دروشمی (کوردستان یان نەمان)ی شۆڕشی ئەیلوول، هێشتا بەرنامەی پیاوانی ئاسایش و پارێزەرانی ئەم وڵاتەن.

٢. وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەم هێرشە تیرۆریستیە راستەوخۆ لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرا، ئەم پەخشکردنە نەك نەبووە هۆکاری ئەوەی خەڵك بترسێت و ئاڵۆزی دروست بێت، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی خەڵك لەم کردەوە قێزەوەنە تورە بێت و بچن بە هانای براکانیانەوە لە ئاسایش، بۆیە قارەمانیەتی پیاوانی ئاسایش و ورەی بەرزی خەڵکی کوردستان بۆ تەحەداکردنی تیرۆریستان، بوونە هۆکاری ئەوەی نەك هێرشی تیرۆریستان سەرکەوتوو نەبێت، بەڵکو لەماوەی یەکدوو کاتژمێردا ژیانی ئاسایی لە هەولێر دەستی پێکردەوە، لەمەش گرنگتر ئەم یەکڕیزی و یەك هەڵوێستیەی نێوان خەڵکی هەولێر بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بەگشتی لەگەڵ پیاوانی ئاسایش و پارێزەرانی ئەم وڵاتە، وایکرد کونسوڵخانە و نوێنەرانی وڵاتان هاوخەمی خۆیان پیشانبدەن و ستایشی رۆڵی ئاسایش و خەڵکی کوردستان بکەن و، ئەم دیمەنە هەموو لایەکی گەیاندە ئەو قەناعەتەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پیاوانی قارەمانی ئاسایش بوار نادات تیرۆریستان پیلانەکانیان سەرکەتوو بێت و کوردستان هەر بە سەقامگیری و ئارامی دەمێنێتەوە.

## ستراتیژیەتی گۆچانی پۆڵا
## پێویستی بە یەکڕیزی و یەك هەڵوێستی هەیە

رووداوە تیرۆریستیەکەی ١١ی سێپتەمبەر کە لەساڵی ٢٠٠١ کرایە سەرهەردوو باڵاخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك دوو پرسیاری زۆر گرنگی دروستکرد، کە یەکەمیان فەرەید زەکەریا لە نیوزویك وروژاندنی (بۆچی تیرۆریستان رقیان لێمانە؟) پرسیاری دووەمیش سامۆئیل هنتگتۆن بە کتێبێك وروژاندی (ئێمە کێین؟)، ئەگەر پرسیاری یەکەمی زەکەریا لەو روانگەیەوە دروست بووبێت بۆچی خەڵکانی فاشیل چاویان بەسەرکەوتنی خەڵکان و کۆمەڵگەی دیکە هەڵنایەت؟ چۆن ئەوانیش چاك بکرێن بۆ ئەوەی ببنە کۆمەڵگەی سەرکەتوو و واز لە دوژمنایەتی کۆمەڵگەی سەرکەوتوو بێنن؟ ئەوا ئەو پرسیارەی هنتگتۆن وروژاندویەتی تەواو پێچەوانەی پرسیارەکەی زەکەریایە، هنتگتۆن لەسەر تورەیی و دوژمنایەتی تیرۆریستان هەڵوەستە ناکات، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ئەمریکیەکان چۆن بن بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە، ئەمەش واتە پێویستە ئەمریکیەکان جارێکی دیکە هەموو بگەڕێنەوە ژێر ئاڵای ئەمریکا و ئەمریکاییبوون بخەنە سەروو هەموو شتێکەوە بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی تیرۆر ببنەوە، هنتگتۆن یەکێك لە هۆکارەکانی دزەکردن و گورز وەشاندنی تیرۆریستان لە ئەمریکا، دەگێڕێتەوە بۆ کاڵبوونەوەی هەستی ئەمریکاییبوون لای هاووڵاتیانی ئەمریکی و چوونە دەرەوە لەژێر ئاڵای ئەمریکا، بۆیە هنتگتۆن وای دەبینێت کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر جارێکی دیکە ئەم هەستەی وروژاندەوە، بۆیە ئەمریکیەکان بۆ تەحەداکردنی تیررۆریستان جارێکی دیکە و هەموو پێکەوە ئاڵای ئەمریکایان بەرز کردەوە، ئەم خوێندنەوە وردەی هنتگتۆن ئەوەمان فێر دەکات بەوەی پێویستە رووداوە تیرۆریستیەکان ئێمەش لەدەوری ئاڵای کوردستان کۆبکاتەوە و لە چوارچێوەی بیری تەسکی حزبایەتی بمانهێنێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی تیرۆر و تیرۆریستان رق و قینەیان بەرامبەر ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکەوتنانەیە کە هەرێمی کوردستان بەدەستی هێناوە، هەر بۆیە کاتێك ئەندامێك یان هەڵسوڕاوێکی سیاسیی لە رق و قینەی حزبایەتیەوە خۆشحاڵی بۆ کاری تیرۆریستی دەردەبڕێت، وەك ئەوەی بەداخەوە هەندێك قسەمان لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لەسەر زاری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە سەبارەت بە تەقینەوەکانی هەولێر گوێ لێ بوو، ئەمە وەك هنتگتن لە کتێبی (ئێمە کێین؟) ئاماژەی پێکردووە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ پابەندبوون بە خاك و بە نەتەوەوە لاواز دەکات، کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ستراتیژیەتی گۆچانی پۆڵا بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان دابڕێژین و رێگە نەدەین تیرۆریستان کاری دڕندانە بگرین، دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئێمە هەموومان خەڵك و ئەندامانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان کێین؟ کە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دایەوە هەموو پێش ئەوەی هەرشتێك بین کوردستانین، ئەوا بێگومان تیرۆر و تیرۆریستان ئامانجیان کوردستانە، ئەوەی کوردستانیش بێت ئەوا دەبێتە ئامانجی تیرۆریستان، بۆیە ناکرێت کەسێك خۆی جیابکاتەوە و لەبەر ئەوەی سەر بەلایەنێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنە خۆشحاڵی خۆی دەربڕێت بەوەی ئەم کارە دژی دەسەڵات کراوە، وەڵامی سادە بۆ ئەم بیرکردنەوە کاڵفامانە ئەوەیە، کە ئەو ئەندام و هەڵسوڕاوانەی گۆڕان لەسەر ئەو بنەمایە بیریان کردۆتەوە کە(دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە)، بەڵام باشترە بزانن کاتێك تەنها لەپێناوی ئەوەی رق و قینەی خۆیان بەرامبەر لایەنێکی سیاسیی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پیشانبدەن، دەستخۆشی لە تیرۆریستان دەکەن، ئەوا دەبێت باش بزانن کە بوون بەدۆستی تیرۆریستان دەیانخاتە خانەی دوژمنی کوردستانەوە.



## شەهید حازم ماجید مستەفا فەقێ

لە (٢٦/٩/ ١٩٨٢) لەگەڕەکی خانەقای شاری هەولێری پایتەخت چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. لە کاتی کردەوە تیرۆرستیەکەی ٢٠١٣/٩/٢٩ باوەش بە یەکێک لە تیرۆریستە روو رەشەکانەوە دەنێت لە ئەنجامدا پیایدا دەتەقیتەوە و گیانی پاکی تەسلیم بە خاک و نیشتیمان دەکات و شەهید دەبیت.



## شەهید فەرمان جەبار عەزیز

لە دایک بووی (١٩٧٨)ە، لە شارە جووانەکەی کۆیە لە گوندی (باوە قوب) چاوی بە دونیا هەلهێناوە، بەداخەوە فەرمان لە کارە قێزەوەنە تیرۆرستیەکەی رێکەوتی (٢٠١٣/٩/٢٩) بەردەم بارەگای بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر شەهید بوو.



## شەهید محەمەد جوهەر

لە دایک بووی (١٩٧٦)ی شاری هەولێری پایتەختە، بەداخەوە ناوبراو لە کارە قێزەوەنە تیرۆرستیەکەی رێکەوتی (٢٠١٣/٩/٢٩)ی بەردەم بارەگای بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر شەهید بوو.



## شەهید هێرش محەمەد محەمەدەمین

لە دایک بووی (١٩٨٦)ی شارۆچکەی رانیەیە، بەداخەوە لە کردەوە خۆکوژییە قیزەوەنە تیرۆریستیەکەی ٢٠١٣/٩/٢٩ بەردەمی بارەگای ئاسایشی هەولێر شەهید بوو.







**د.ڕەشاد میران**
**ڕۆشنبیر و ئەکادیمی بۆ گوڵان:**

# هێزە دەرەکی و ناخۆییە شۆڤێنییەکان هەمیشە لە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی کوردستانی باشوور نیگەرانن و ئامادەن هەموو شتێک بکەن بۆ لەناوبردنی ستاتووی کوردستان

**د.ڕەشاد میران ڕۆشنبیر و ئەکادیمی ناسراوی کوردستان، لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەراشکاوی لەسەر ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان دەدوێت و لەسەر پرسی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان قسە دەکات و ئەم پرسە لەبازنەیەکی فروانتر لە ئەرکێکی تایبەتی دەزگاکانی ئاسایش سەیر دەکات و دەیبەستێتەوە بەکۆی سیستمی حکومڕانی و هۆشیاری خەڵکی کوردستانەوە، د.میران لەم دیمانەیەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و ڕاگرتنی باری سەقامگیری کوردستان هەڵوەستە لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** ئەوەی لە کوردستان شانازی پێوە دەکرا، ئەوەبوو کە چەندساڵێکە دەستی تیرۆریستان لەم هەرێمە دوورخراوەتەوەو ئاسایش و سەقامگیری باڵی بەسەر کوردستان کێشاوە، بەڵام دوای ٦ ساڵ وەك بینیمان جارێکی دیکە تیرۆریستان بەچەندین تەقینەوە ئارامی هەولێریان شڵەقاند، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- کوردستان کەوتۆتە نێو چەقی ناوچەیەکی گڕگرتووی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دەوروبەرەکەی پڕە لە نائارامی و توندوتیژی و ناسەقامگیری. لە ڕەوش و هەلومەرجێکی وادا پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە کوردستان ئەرکێکی ئاسان نابێ و لەهەمان کاتیشدا ئەمە دەبێ بە ئەرك و ستراتیجێکی هەنووکەیی هەرەگرنگ – لە ٦ ساڵی ڕابردوودا دەزگا پەیوەستدارەکان بە ئاسایشەوە بەڕادەیەکی باش ئەم ئەرکەیان جێبەجێ کردبوو. بەڵام ئەو ڕاستییەش ئاشکرایە کە ئارامی و ئاسایشی ناوخۆ تەنیا بە دەزگای تایبەت ناپارێزرێ، بەڵکو دەبێ لەپاڵ ئەمەشدا سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیی حکومەتی هەرێم و هەروەهاش هۆشیاریی خەڵك هاوکاربن لەمەدا.

پێش هەموو شتێك، کوردستانی باشوور ڕەوشێکی تایبەتی و هەستیاری هەیە، هەڵوێستە نەتەوەییەکانی خەڵك و سەرکردایەتیی سیاسی هێزە دەرەکی و ناخۆییە شۆڤینییەکان هەمیشە نیگەران دەکەن و ئەمانە سەلماندوویانە کە ئامادەن هەموو جۆرە دەستوبردێك بکەن بۆ لەناوبردنی ستاتووی کوردستان لەم ناوچەیەدا. بۆیە ئیدارەکردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە دەبێ ئەوپەڕی ژیرانە بێ – دابینکردنی یەکڕیزیی خەڵك بە فەراهەمکردنی ئاستێکی باشی دادی کۆمەڵایەتی (نەهێشتنی جیاوازیی یەکجار گەورە لە مووچە و داهات و پۆست و پلە...)- ئەمە کۆڵەگەی یەکەمی سیاسەتی نێوخۆی سەرکەوتووە؛ ئینجاش ڕاگرتنی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکان لە گەڵ هێزە دەرەکییەکاندا – ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە ئەوەندە کراوەین بەرامبەر بە تورکیا، دەبێ بەهەمان ڕادەش کراوەبین بۆ ئێران(کە ئەوە ئۆباما مەرایی بۆ دەکات) هەرنەبێ لەبەر خاتری ئاسایش و ئارامیی کوردستان – کە ئەمە گەلێ گرنگتریشە.

سەبارەت بە هوشیاریی خەڵکیش، ئەگەرچی ئەمان بەگشتی بە پەرۆشن بۆ ڕەوشە ئەمنییەکە، بەڵام هێشتاش هوشیاریی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ئاستێکی شیاودا نییە کە بگونجێ لەگەڵ ڕەوشی ئاڵۆزی کوردستان و دە هەر لەگەڵ دنیای سەدەی بیست و یەکدا- بەشێکی باشی ئۆباڵی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی سیاسەتی نێوخۆی حکومەت و

سەرکردایەتی؛ چونکە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵك، بەتایبەتی، وەستاوە لەسەر ئاست و ئەدا و کاریگەریی دەزگا پەروەردەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە فەرمییەکانەوە و ئینجا سەرکردایەتی و هێزە سیاسییەکانیش. بە پەیوەندیی بە تیرۆریزمەوە، هوشیاریی خەڵك هەر بەوە پێوانە ناکرێ کە دژ بە تیرۆر بن و بەرەنگاری ببنەوە- ئەمە ئاساییە و هەموو خەڵکی دنیا ئەمە دەکات، بەڵکو ئەم هوشیارییە تاچەند پەیی دەبات بەو رەوشە سیاسی- نەتەوەییەی کە کورد تێیدا گوزەردەکات و ئەرك و پێداویستییە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا چین؟ نەك وێنایەکی پاك و پاراو و ئیدیاڵیی ناواقیعییانەیان لە مێشکدا بئاخنین، پشتی لێ بکەینەوە و خەریکی (مابعد المعاش)ی ئیبن خەلدوون بین. لەم رووەوە، زۆر گرنگە خۆمان هەمیشە بە خاوەن کێشەیەکی نەتەوەیی گەورە بزانین کە تارماییەکانی باڵیان کێشاوە بەسەر هەموو هەڵوێست و چالاکی و بوارەکانی ژیانمانەوە و جارێ دوورین لە رەفاهیەت ! — هەڵڕژاندنی پارە و سامالْ بەسەر «خەڵك»دا بە شێواز و بیانوی جۆراوجۆر سیاسەت و ستراتیجیایەکی هەڵخەڵەتێنانەیە و لەسەر حسێبی کێشە و ئامانجە گەورەکە و هەروەها لەسەر حسێبی مۆراڵ و ئەخلاق و لایەنی مەعنەویی خەڵکەکە دەبێ- ئەمەش واتە کارکردن لەسەر تێکدانی ئەو یەکڕیزییە کۆمەڵایەتییەی کە لە رەوشێکی وادا ئەوپەڕی پێویستمانە. سالانێکە دەبوایە قوتابخانەئاسا کار لەسەر هوشیاریی خەڵك بکرێ. خەڵك و کۆمەڵگاش وەکو تاکەکەس دەبێ هەمیشە ئاڕاستە و فێربکرێن!.

*** لەدوای ئەم کارە تیرۆریستیە کۆمەڵێك شرۆڤەی جۆراوجۆر بۆ ئەم کارە کراوە، ئایا بەڕای تۆ هۆکاری پشت ئەم کارە تیرۆریستیە چیە؟ یان ئایا بۆچی تیرۆریستان هێندە داخ لە دڵن بە ئەزموونی دیموکراتی هەرێم و داخ لە دڵن لەکوردستان؟**

- لە راستیدا هەموو راستییەکان ئاشکرا نین، بەڵام ئەوەی دەکرێ بخوێندرێتەوە رەوشی کوردستان بەگشتی پابەندبووە بە سووریاوە؛ لەوێ ململانێیەکی گەرمی سیاسی و چەکدارانەی نێوان هێزە ناوخۆیی و هەرێمی و تەنانەت زلهێزانی دنیاش ئەوا لە گەڕدایە- بۆیە ناکرێ سەرنجی ئەوە نەدەین کە رەنگە، دەڵێم رەنگە، هەڵوێست و سیاسەتی دەرەکیی هەرێم سەبارەت بە سووریا و کوردانی رۆژئاوا بەدڵی یەکێك لە گەمەکەرانی ئەو مەیدانە نەبێت. بەڕای من بەهۆی ئەوەوە کە هێرشەکەی شاری هەولێر بۆسەر دەزگای ئاسایش بوو دیارە ئەمە مەسجێکە بۆ سیاسەتی ئەمنیی حکومەتی هەرێم. مەسەلە رق و کینە و داخی دڵ نییە.

*** ئەم کارە تیرۆریستیە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان راستەوخۆ ئەنجامدرا، ئایا تاچەند ئەم کارە بەو ئامانجە ئەنجامدراوە کە پرۆسەی حکومڕانی لە کوردستان تێکبدەن، ئەگەر ئەم ئامانجە لە پشت ئەم کارەوە بێت، ئایا بەوجۆرە ناخوێندرێتەوە کە دەستی چەند وڵاتێکی لە پشتەوە بێت؟**

- لە راستیدا زۆرن ئەو لایەنە دەرەکییانەی کە مەبەستیانە نەك هەر حوکمڕانی، بگرە تەواوی کیان و ستاتووی کوردستان لەناوبەرن، بەڵام ئەوەش حاشا هەڵنەگرە کە هیچ هێزێکی کوردستانی لە هەر بارودۆخێکدا مەسەلەی ئاسایشی کوردستان ناخاتە مەترسییەوە لەپێناو ئامانجێکی حیزبی و تەکتیکیدا- ئەوانە نەبن کە سەربە «فەلسەفەی جیهادی»ی توندڕەون. بەڕای من ئەم کارە تیرۆریستییە پەیوەندیی بە حوکمڕانییەوە نییە، بەڵکو ئاڕاستەی هەڵوێستێکی سیاسییانەی دیاریکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە.

*** دیاردەی تیرۆر تەنیا دژی کەسێك یان لایەنێك نییە، بەڵکو دژی هەموو مرۆڤایەتیە بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، لەم بارودۆخە چۆن دەتوانرێت دیاردەی دژایەتی تیرۆر بکەینە ئەرکێکی نیشتمانی و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان و هاووڵاتیان خۆیان لەو ئەرکە ببیننەوە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەم مەترسیە بڕەوێنینەوە؟**

- تیرۆر تەنیا کوشتن و تەقینەوە و تەقاندنەوە نییە، راستە ئەمە هەرە کاریگەرەکەیە و گومانیش نییە لەوەی کە هەموو خەڵك و چین و توێژاڵ و لایەن و هێزەکانی کۆمەڵگا بەرەنگاری دەبنەوە — چونکە کوشتن و تەقاندنەوە ریتمی ژیانی رۆژانە تێکدەدەن. بەڵام بەهەمان رادە ترسناك دیاردەی توندوتیژییە لەناو سستێمی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئێمەدا کە دەبێتە مایەی داهێنانی تیرۆری جۆریتر کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردیدا تیایدا دەژی و هەستی پێناکات، ئەویش تیرۆری فیکری و مەعنەوی و هێماییە- ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی لە کەش و فەزایەکی تژیی توندوتیژیدا دەژین و بەداخەوە لێی راهاتوون، چونکە ئەم توندوتیژییە، کە دەگاتە رادەی تیرۆر، لە هەموو شوێنێك و چرکەساتێکدا هەیە — لەناو خێزان، لە سەر شەقام، لە مزگەوت. جێگەی تێڕامانە کە تەنانەت هاوسەرگیریش بەم دواییە خراوەتە نێو «فەلسەفەی جیهاد»ەوە کە جیهاد خۆی تیرۆر و توندوتیژییە. بنەبڕکردنی تیرۆر و توندوتیژی بە کارکردنی زانستیانەی بێوچان لەسەر گۆڕینی کولتووری باوی سستێمی کۆمەڵایەتیمان دەستەبەر دەبێ — هەرچی تیرۆری سیاسی و چەکدارییە ئەوا خەڵکی هوشیار و دەزگا فەرمییەکان سنووورداری دەکەن.

**کوشتن و تەقاندنەوە ریتمی ژیانی رۆژانە تێکدەدەن. بەڵام بەهەمان رادەی ترسناک دیاردەی توندوتیژییە لەناو سستێمی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئێمەدا کە دەبێتە مایەی داهێنانی تیرۆری جۆریتر کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردیدا تیایدا دەژی و هەستی پێناکات**

**مرۆڤی رۆشنبیر لە کوردستاندا ناتوانێ تەنیا بە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و هونەرییەکانی ژیانی خۆیی دابین بکات و سەربەست بێ. بەڵام رۆشنبیر وەکو تاکەکەس، بێگومان، دەوری خۆی بینیووە لە هوشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ یەکڕیزی سەبارەت بە مەسەلە گەورە و هەنووکەییەکان**



فۆتۆ: ئازاد لەشكری

**هیچ هێزێكی كوردستانی لە هەر بارودۆخێكدا مەسەلەی ئاسایشی كوردستان ناخاتە مەترسییەوە لە پێناو ئامانجێكی حیزبی و تەكتیكیدا- ئەوانە نەبن كە سەربە «فەلسەفەی جیهادی»ی توندڕەون**

*** ئێستا لە هەرێمی كوردستان نوێنەرایەتی و كونسوڵخانەی چەندین وڵات و چوار دەوڵەتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی تێدایە، هەروەها كوردستان بۆتە ئەو زۆنەی كە دەیان و سەدان كۆمپانیای تێدا كۆبۆتەوە، بەڕێزتان دەزانن ئەگەر تیرۆر كۆنترۆڵ نەكرێت، زیانێكی گەورە لە كوردستان دەكەوێت، بەڕای بەڕێزت دەبێت حكومەت چی بكات بۆ ئەوەی ئەم وێنەیەی كوردستان نەشێوێت؟**

- تیرۆر ڕەوشی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی هەڵدەتەكێنێ، ژیانی ڕۆژانەی خەڵك تێكدەدات، بۆیە مەسەلە كۆنسوڵخانە و كۆمپانیاكان نین، بەڵكو مەسەلە پاراستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵكە كە ئەگەر تیرۆر كۆنترۆڵ نەكرێ، ئەوا ژیانی ئاسایی خەڵك مەحاڵ دەبێ- ئەركی حكومەتیش فەراهەمكردنی ژیانێكی ئاسایی و سەقامگیر و بێ مەترسیی هاووڵاتیانە. بۆ ئەمەش حكومەتی هەرێمی كوردستان و سەركردایەتیی سیاسی دەبێ پشتگیری و متمانەی خەڵكی كوردستان بەدەستبێنێ — ئەویش، وەكو گوتمان، بە داهێنانی ڕەوشێكی، هەرنەبێ، لای كەمیی دادی كۆمەڵایەتی تیادا ڕەنگ بداتەوە...لەپاڵ ئەمەشدا بەهێزكردنی دەزگای ئاسایش و لە سیاسەتیشدا ڕەچاوكردنی ڕەوشی جیۆپۆلۆتیكی هەرێمی كوردستان.

*** لەم قۆناخەدا گرنگە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانكۆ ڕۆڵێكی گرنگ بگێڕن بۆ ئەوەی خەڵك لەدەوری یەك گوتاری نیشتمانی كۆبكەنەوە، ئایا لەم قۆناخەدا پێویستە ڕۆڵی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانكۆ بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە چۆن بێت؟**

- بەرزكردنەوەی ئاستی هوشیاریی كۆمەڵایەتی، وەكو گوتم، لە ئەستۆی حكومەت و دەزگا فەرمییەكانی دایە. مامۆستایانی زانكۆش لە نێو ئەم دەزگایانەدا كاردەكەن و ئەركی فەرمییانە كە دەور ببینن لە هوشیاركردنەوەی قوتابیانی زانكۆ و، خەڵكیتریش لە دەرەوەی زانكۆ، هانیان بدەن بۆ پێشكەشكردنی توانا و پشتگیری و بەهرەكانیان بە خەڵك و خزمەتكردنی كۆمەڵگا — زانكۆ دەزگایەكی زانستیی ئەكادیمییە بۆ خزمەتكردن و پێشخستنی كۆمەڵگا.

زۆربەی ڕۆشنبیرانیش هەر لەنێو دەزگا فەرمییەكاندا كاردەكەن، كەمینەیەكیان سەربە بواری ئەهلی و نافەرمین — لە دەرەوەی ئەم دەزگا فەرمی و نافەرمییانەدا ئێمە تاكو ئێستا توێژاڵێكی كۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیرانمان نییە، بە مانا سۆسیۆلۆگییەكەی، كۆمەڵگا حسێبی بۆ بكات — مرۆڤی ڕۆشنبیر لە كوردستاندا ناتوانێ تەنیا بە بەرهەمە فیكری و ئەدەبی و هونەرییەكانی ژیانی خۆیی دابین بكات و سەربەست بێ. بەڵام ڕۆشنبیر وەكو تاكەكەس، بێگومان، دەوری خۆی بینیووە لە هوشیاركردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ یەكڕیزی سەبارەت بە مەسەلە گەورە و هەنووكەییەكان: نەتەوەیی، نیشتمانی، ئاسایش، خزمەتگوزاری...

بەرزكردنەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵك بە سیاسەت و ستراتیجیایەكی زانستیی تۆكمە دەكرێ تیایدا هەموو جومگەكانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و سستێمی كۆمەڵایەتی و دەزگاكانی بگرێتەوە- پێش هەموو شتێكیش دانانی كەسانی بەتوانا و لێهاتوو و دڵسۆز لە شوێنی گونجاودا — لەم ستراتیجیایەدا دەبێ پێش هەموو شتێك ئەوە لەبەرچاو بگیرێ كە ئێمە لە سەدەی بیست و یەكدا دەژین.

خەڵكی هوشیاریشە كە هێمنی و ئارامی و سەقامگیری لە كۆمەڵگادا فەراهەم دەكەن.

# تیرۆریسم وەک ستراتیژیەتی شکست



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

چەمکی ســەرکەوتن گەر بێت و لە کۆنتێکستە تایبەتەکانی دابڕین هیچ مانایەکی نابێت و بە بێ لکاندنی بە هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیکەکانیەوە دەبێت بە چەمکێکی بۆش و کاڵای نێو بازاڕەکانی ئایدۆلۆژیا. دیاریکردنی ئاستەکانی سەرکەوتنی گرووپێکی تێرۆریست، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ستراتیژیەتی دەستنیشانکراوی ڕاگەیەندراوی ئەو گرووپەوە هەیە. بۆ نموونە کاتێک گرووپێک ستراتیژیەتەکانی خۆی لەسەر ئامانجی ڕوخاندنی حکومەتێک وجێگرتنەوەی بە حکومەتێکی دیکە دیاری دەکات، ئێمە تەنیا لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین پلەکانی سەرکەوتن وفەشەلی ئەو گرووپە دیاری بکەین.

دەکرێت لێرەدا قسە لە گرووپی ئەلقاعیدە بکەین. چوارچێــوەی ســتراتیژیەتەکانی ئــەم گرووپە دروســتکردنی دەوڵەتێکی ئیســلامییە کە تیایدا چەند کەســێک بەناوی خوداوە حوکمی گەلانی عێراق بکەن. بۆ دروستکردنی ئەم دەوڵەتەش دەبێت ئــەم وڵاتە لەو چینە سیاســییە پاکبکرێتەوە کە ئێســتا حکومەتداری دەکەن. باشترین ڕێگاش بۆ دوورخستنەوەی ئەو چینەو ڕوخانی حکومەتەکەی لەناوبردنــی فیزیکیــە. هەروەهــا باشــترین تەکنیکیش بۆ گەیشــتن بەم ئامانجە تێرۆریسم و مێکانیسمەکانیەتی.

**لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارە تێرۆریستیەی کە لە (٢٩ سێپتەمبەر ٢٠١٣)لە هەولێر ئەنجام درا، حزب وگرووپ وچینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمینۆتێی سوننەی دنیا، پێش هەموو کەس ئیدانەیان کرد و بەرائەتی خۆیان لە تیرۆریستان ڕاگەیاند**

ئایا گرووپی ئەلقاعیدە، بەپێی ئەم چوارچێوەیەی کە بۆ خۆی دیاری کردووە، توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت؟ بێگومان نەخێر. چونکە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، لەسەرانسەری عێراقدا ئەم گرووپە تیرۆریستیانە نەیتوانیوە یەکێک لەو کەسایەتیانە تێرۆر بکات کە کارایيان بەسەر کێڵگەی سیاسی ئێستای عێراقەوە هەیە. هەموو ئەوەی کە تا ئێستا کردویانە، بێگومان بەپێی بەیانەکانی خۆیان، تەنیا چەند چالاکیەکی تێرۆریستانەیە کە قوربانییەکانی ئەو کەسانەن کە بەهیچ شێوەیەک کارایيان نییە بەسەر ئاراستەکانی کێڵگەی سیاسی عێراقیەوە. هەروەها ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە ئەم گرووپە وەک ئیدیال تیپێک پێشنیاری دەکات لە ئێستای عێراقدا ئەگەرێکی تەواو ناواقیعی و خەیاڵیە:

**ئەو خوێنەی کە لە برینداركردنی هەستی ناسیۆنالیستیەوە دەچۆڕێت، هەمان ئەو خوێنە نییە کە لە برینداركردنی هەستی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیکی کەسێک، گرووپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتیەوە دەچۆڕێت**

چۆن و بەچ ڕێگایەک ئەم سوپایە ٦٠٪ ی ئەم وڵاتە کە شیعەن و بەخوێنی سەری ئەو تینوون ملکەچی دەوڵەتە خەیاڵیەکەی دەکات؟ چۆن و بە چ ڕێگایەک دەتوانێت کوردستان بکات بە پارچەیەک لە جەستەی ئیسلامی تورابورا؟ ئەم گرووپە تەنانەت لەنێو کۆمینۆتێی سوونەشدا نەیتوانیوە جێگای خۆی بکاتەوە، ئیتر چۆن و بەچ ڕێگایەک بێجگە لە شکست هیچ شتێکی دیکە دەکرێت چاوەڕێی بکات. لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارە تێرۆریستیەی کە لە هەولێر ئەنجامدارا (٢٩ سێپتەمبەر ٢٠١٣)، حزب وگرووپ وچینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمینۆتێی سوونە پێش هەموو کەس ئیدانەیانکردن و بەرائەتی خۆیان لە تیرۆریستان ڕاگەیاند.

لە ڕاستیدا ئەمە بەتەنیا قەدەری ئەلقاعیدە نییە، بەڵکو قەدەری بەشێکی زۆر گەورەی هەموو ئەو گرووپانەیە کە ڕێگای تێرۆریستییان لە سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا بۆ چالاکی هەڵبژارد. ئەو چەند حاڵەتە کەمەش کە سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە دەکرێت بڵێین زیاتر ئەو گرووپ و بزووتنەوەو لایەنانەن کە دژی کۆلۆنیالیسمی کلاسیکی جەنگاون و تێرۆریسمیان وەک یەکێک لە کەرەسەکانی ڕزگاری بەکارهێناوە. واتە قسەکردن لەسەر سەرکەوتنی ڕێژەیی لای تێرۆریستەکان ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەسەر بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی سەدەی بیستەم. هەروەها تەنیا لەسەر ئەم مەیدانەشە کە گرەوی سەرکەوتن و بردنەوە لە نێوان حکومەت و ڕاپەڕیوەکاندا بایەخێکی بەرچاو وەردەگرێت.

**گرووپە تێرۆریستیە عێراقیەکان لەگەڵ ئەو پڕوپاگەندە بێسنوورەی کە بۆ چالاکیەکانیان دەیکەن و لەگەڵ ئەو هەموو چاوی کامێرایەی کە بەسەر چالاکیەکانیانەوە ئامادەیە، تا ئێستاش نەیانتوانیوە پشتیوانی جەماوەری بۆ خۆیان دابین بکەن**

کاتێک تێرۆریسم دەبێت بە هەڵگری پڕۆژەیەکی سۆسیۆ-پۆلیتیک و کار لەسەر هەڵوەشانەوەی سەرتاسەری ڕژێمێک دەکات و دەیەوێت لە جێگاکەیدا ڕژێمێکی دیکە بەرقەرار بکات، بێگومان ئیتر جەنگی نێوان ئەو ڕژێمە و ئەو تێرۆریسمە دەبێت بە جەنگی مردن و ژیان، حکومەت هەموو تواناکانی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بە ئاگر و ئاسن لەو تێرۆریسمە بدات. ململانێی حکومەتەکانی فەرەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا، دژ بە ڕێکخراوی ئەکشنی ڕاستەوخۆ و کەتیبە سورەکان و سوپای سوور بریتی بوو لە جەنگی سەروماڵی و بنبڕکردنی هەمیشەیی و لە ڕیشەهەڵکێشان و بەهیچ شێوەیەک ئەم حکومەتانە ئامادەنەبوون ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەو گرووپانەدا ئیمزا بکەن.

دیسانەوە بۆ تێگەشتن لە چەمکی سەرکەوتن دوو نموونەی دیکە دەهێنمەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگایانەوە پەردە لەسەر تیپێکی دیکە لە سەرکەوتن و شکست لابدەین. «کۆرس» هەرێمێکە لە هەرێمە گرنگ و فراوانەکانی فەرەنسا و خاوەنی زمان وکەلتوورو جوگرافیاو مێژوویەکی تاقانەی خۆیەتی. دەیان ساڵە بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکانی هەرێمی کۆرس لە خەباتدان بۆ جیاکردنەوەی لە فەرەنساو لە پێناوی ئەم ئامانجەشیاندا سەدان کردەی تێرۆریستیان بەرهەمهێناوە. گرفتی سەرەکی ئەو بزووتنەوانە لەوەدایە کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە دانیشتووانی ئەو هەرێمە قەناعەت پێبکەن کە سەربەخۆیی لە بەرژەوەندی ئەواندایەو دەبێت لەو پێناوەدا ئامادەی هەموو قوربانییەک بن.

لە عێراقیشدا هەرێمێک هەیە بەناوی کوردستان و دەیان پارت و گرووپی یەک سەدەیی هەن کە کار بۆ سەربەخۆی کوردستان دەکەن. ڕاستە تا ئەمڕۆش، هەرێمی کۆرس و هەرێمی کوردستان سەربەخۆنین و بە دوو دەوڵەتەوە لکێنراون، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لەبەرامبەر شکستی گرووپەکانی هەرێمی کۆرسدا، گرووپەکانی هەرێمی کوردستان توانیویانە ٩٨٪ خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکەن کە بەرژەوەندی ئەوان لە سەربەخۆیدایەو لەو پێناوەشدا بە دەیان ڕووبار خوێن پێشکەش بەو سەربەخۆییە بکەن. لەوەش زیاتر، ڕاستە کوردستان لەسەر ئاستی فیزیک سەربەخۆ نییە، بەڵام بەدرێژایی یەک سەدە لە بیناکردنی یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردی لە لایەن بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانەوە، ئەمڕۆ کوردستان، لەسەر ئاستی

شعووری، یەکەیەکی تەواو سەربەخۆیە لە عێراق. تەنانەت چاودێرە نێو دەوڵەتیە سادەکانیش هەست بەوە دەکەن کە کوردستان و عێراق زیاتر لە دوو وڵاتی لەیەک جیا دەچن وەک لە وڵاتێکی یەکگرتوو. ئەمە ئەو تیپە تایبەتەیە لە سەرکەوتن کە دەکرێت ناوی بنێین سەرکەوتنی قەناعەت پێکردن.

بێگومان سەرکەوتنی کوردی بەتەنیا بۆ پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی گرووپە ناسیۆنالیستەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو مێتۆدە زەبروزەنگاویەی کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بەغداد لەگەڵ کوردستاندا بەکاری هێناوە هەیە. بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر، شکستەکانی بەغداد لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی لە کوردستاندا، هەمیشە چەکێکی بەهێزبوون بەدەست بزووتنەوە ناسیۆنالیستە ڕاپەریوەکانی کوردەوە. کاتێک بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی کۆرس وەک کوردەکان سەرکەوتن بەدەستناهێنن، بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتی فەرەنسی توانیویەتی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری و تەنانەت سەربازیش سەرکەوتن لە نێو کۆمەڵگەی کۆرسدا بەدەست بێنێت. تەنانەت ئەمڕۆ لە فەرەنسادا هەرێمی کۆرس وەک هەرێمی بەهەشت ناو زەد دەکرێت. بەڵام کوردستانی بەعس تەواو بە پێچەوانەی مۆدێلی فەرەنسیەوەیە.

هەروەها دەبێت ئەم تێبینیەش تۆمار بکەین: ئەو خوێنەی کە لە بریندارکردنی هەستی ناسیۆنالیستیەوە دەچۆڕێت، هەمان ئەو خوێنە نییە کە لە بریندارکردنی هەستی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیکی کەسێک، گرووپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتیەوە دەچۆڕێت. خوێنی یەکەمیان هێزێکی سیحراوی موعجیزاوی بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی جەماوەر هەیە. هێزێک کە زیاتر لە خرۆشان و شەپۆلی ئۆقیانووسەکان دەچێت، بەڵام ئەم سیحرو موعجیزەیە لای هێزی دووەم کەمترە. کاتێک تیرۆریسمی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی وەک بەرەی ڕزگاری جەزائیر سەرکەوتن بەدەست دێنێت و تیرۆریسمی کەتیبە سوورەکانی ئیتالی شکست دێنێت، بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە یەکەمیان لە خوێنی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت و دووەمیشیان لە خوێنی دووەمەوە.

بەشێکی بەرچاوی گرووپە تیرۆریستەکانی عێراقی ئەمڕۆ دەیانەوێت لە ڕێگای ستراتیژیەتی چاوی کامێراکانەوە و پەخشکردنەوەی چالاکیە تیرۆریستیەکانیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە جیهانیەکان وەڵامێکی دروست بۆ پرسیاری سەرکەوتن بدۆزنەوە. هەروەها پێیانوایە، ئەو ستراتیژیەتە ڕێگای ململانێیەکی تەمەن درێژیان بۆ خۆش دەکات. لە خەیاڵدانی ئەواندا چاوی کامێراکان پشتیوانیی جەماوەریان بۆ دابین دەکات و ئەم پشتیوانیەش تەمەنی خەباتیان درێژ دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین پێچەوانەکەیەتی. واتە گرووپە تیرۆریستیە عێراقیەکان لەگەڵ ئەو پروپاگەندە بێسنوورەی کە بۆ چالاکیەکانیان دەیکەن و لەگەڵ ئەو هەموو چاوی کامێرایەی کە بەسەر چالاکیەکانیانەوە ئامادەیە، تا ئێستاش نەیانتوانیوە پشتیوانی جەماوەری بۆ خۆیان دابین بکەن. باشترین نموونەش هەڵبژاردنەکانی ١٥ دیسەمبەری ٢٠٠٥ بوو. پاش ئەوەی چەند گرووپێکی سوونی عەرەبی تیرۆریست داوایانکرد لە خەڵکی عێراق بەگشتی وکۆمینۆتیی سوونە بەتایبەتی بەشداری هەڵبژاردن نەکەن و هەڕەشەی دەریایەک لە خوێنیان لێکردن گەرێت و بە گوێیان نەکەن و بەشداری بکەن. ئەم بانگەوازە نەک هەر لای عێراقیەکان بە ئیجابی وەڵام نەدرایەوە، تەنانەت لای کۆمینۆتیی سوونە و بەتایبەتتریش لە لایەن نوێنەرانی ئیسلامی سوونیەوە بەتوندی ڕەدکرایەوە. ڕۆژنامەی الحیاة یەک ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکە، ١٤ دێسەمبەر ٢٠٠٥، بە ناوونیشانێکی گەورە لەسەر لاپەڕەی یەکەم دەنووسێت:»هەزار زانای ئیسلامی سوونی فەتوادەدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا «. لەدرێژەی هەواڵەکەیدا باس لەوە دەکات کە هەزار زانای ئیسلامی سوونی داوایان لە عێراقیەکان کردووە بە چڕی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی دەنووسێت کە زیاتر لە ١٢ ملیۆن عێراقی دەنگیاندا بە حەوت هەزار وسەد و پەنجاو پێنج کەس.

ڕاستە ئەو گرووپە عێراقیانە لە ڕێگای خستنە سەر تەلەفزیۆنی چالاکیەکانیانەوە توانیویانە گەورەترین دیعایە بۆ خۆیان بکەن و گەرەنتی بۆ دەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەموو ئەو دیعایە و دەرکەوتنانەیان، نەیانتوانیوە پشتیوانیی جەماوەریان بۆ دابین بکەن، پشتیوانیەک کە ببێتە پانتایی یاخیبوونێکی جەماوەری بەرفراوانی سەرتاسەری.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**ململانێی حکومەتەکانی فەرەنساو ئیتالیاو ئەڵمانیا، دژ بە ڕێکخراوی ئەکشنی ڕاستەوخۆ و کەتیبە سوورەکان و سوپای سوور بریتی بوو لە جەنگی سەروماڵی و بنبڕکردنی هەمیشەیی و لە ڕیشەهەڵکێشان و بەهیچ شێوەیەک ئەم حکومەتانە ئامادەنەبوون ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەو گرووپانەدا ئیمزا بکەن**

**ڕاستە کوردستان لەسەر ئاستی فیزیک سەربەخۆ نییە، بەڵام بەدرێژایی یەک سەدە لە بیناکردنی یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردی لە لایەن بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانەوە، ئەمڕۆ کوردستان، لەسەر ئاستی شعووری، یەکەیەکی تەواو سەربەخۆیە لە عێراق**



## ستیڤن ڤان ئیڤرا بۆ گوڵان:

# هێرشە تیرۆریستیەکەی هەولێر جێگەی نیگەرانی بوو، دەبێت جارێکی تر بەرەی دژە تیرۆری نێودەوڵەتی ئەکتیف بکرێتەوە

**پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان ئیڤرا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسیۆشید ئینتەرناشناڵ تەکنۆلۆژی و، لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا تایبەتمەندە لە پرسەکانی دوور ڕێگرتن لەشەڕ و سیاسەتی دەرەوەی، ئاسایشی ئەمریکا و دەستێوەردانی ئەمریکا لەوڵاتانی جیهانی سێهەم، پرۆفیسۆر ئیڤرا تایبەتمەندە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها ستراتیژییەتی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بۆ قسەکردن لەسەر مەترسیەکانی تیرۆر و هێرشە تیرۆریستیەکەی هەفتەی رابردووی هەولێر، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیڤرا سازکرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** دوای شەش ساڵ لە کەشێکی ئارام و سەقامگیر لە هەرێمی کوردستان، هێرشێکی خۆکوژی کرایە سەر هەولێر و ئەمەش ئاماژەیە بە زیادبوونی چالاکیەکانی ئەلقاعیدە و بۆتە مەترسیداترین هەڕەشە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شامیان راگەیاندووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانێت ئەم ناوچەیە بکەنە مۆڵگەی خۆیان؟**

- من ئەو رووداوەی هەولێرم بینی و جێی نیگەرانی بوو، لەبەر ئەوەی ئەلقاعیدە پێشتر هێرشی نەکردبووە سەر هەرێمی کوردستان. ئەمەش بە دوو دەرئەنجامەمان دەگەیەنێت، یەکەمیان ئەوەیە ئەلقاعیدە رێکخراوێکی زۆر مەترسیدارە، ئایدۆلۆژیایەکی قێزەون و توندوتیژیان هەیە، بەرنامەیەکی بەربەری و ئامانجی بەربەرییان هەیە، ئەوان چۆنیەتی بەسەربردنی ژیان بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنن و تاکتیکی زۆر توندوتیژیان هەیە و پەرەیان بە ئایدۆلۆژیایەك داوە کە پاکانە و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە لەوەی دەست لە بەکارهێنانی هیچ توندوتیژیەك نەپارێزن و سڵ لە کوشتنی مەدەنی و منداڵ و ئەنجامدانی تاوانی گەورە نەکەنەوە. پێیانوایە مافی ئەوەیان هەیە هەموومان بترسێنن و هەر توندوتیژیەك کە بیانەوێت ئەنجامی بدەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، ئەوان رێکخراوێکی زۆر قێزەونن. ئەگەر ئەدەبیاتیان بخوێنیتەوە، ئەوا پەرەیان بە جیهانبینیەك داوە کە شەرعیەتیان پێدەدات چەکی کۆمەڵکوژ بەکاربهێنن، لەبەر ئەوە من بۆچوونێکی زۆر خراپم هەیە لەبارەیانەوە و بە هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیداریان دادەنێم. هەروەها پێموایە وەك هەڕەشە دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی ئایدۆلۆژیاکەیان تێکدەشکێنرێت. لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا هەندێ کەس لە ئەمریکا باسیان لەوە دەکرد شەڕی ئەلقاعیدە کۆتایی هاتووە و چیتر ئەلقاعیدە بە شێوەیەی کە لە رابردودا هەبووە مەترسیدار نییە، لەبەر ئەوەی بن لادن کوژراوە و ئەلقاعیدە لە پاکستاندا تێکشکێنراوە. بۆچوونی من ئەوەیە هێشتا ئەلقاعیدە مەترسیدارە، هەروەك ئەوەی بینیمان لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر هەولێر و هەروەك دەبینین کە بەردەوام لە سوریادا بەهێز دەبن، و بەردەوام وەك هەڕەشە دەمێننەوە تا ئەو کاتەی ئایدۆلۆژیاکەیان لە هەر کۆمەڵگەیەکی گەورە و گرنگی جیهانی ئیسلامیدا- یان هەر بەشێکی جیهاندا- بە زیندوویی بمێنێتەوە. و گرنگە خاوەن نیەتە باشەکان بەرهەڵستی ئەم ئایدۆلۆژیایە بکەن، دیراسەتی بکەن و مشت و مڕی لەبارەوە بکەن و پوچەڵی بکەنەوە، چونکە ئایدۆلۆژیایەکی هەڵەیە، و بە هەڵە خوێندنەوەی ئایدیا ئیسلامیەکانە و ئەوانە بۆچوونە میانڕەوەکانی ئیسلام خراپ بەکار دەهێنن، بۆ نموونە ئەوان پاساو بۆ کوشتنی کەسانێك دەهێننەوە کە شەڕکەر نین، لە کاتێکدا ئەمە لە قورئاندا بە توندی قەدەغەکراوە و هێز بۆ دەستدرێژیکردن بەکاردەهێنن و دووبارە ئەمە لە قورئاندا بە توندی قەدەغەکراوە. لەبەر ئەوە من دەمەوێت لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەلقاعیدە تێبگەین لەپێناو رەتکردنەوە و پوچەڵکردنەوەیاندا، پێویستە بەرهەڵستی ئایدۆلۆژیا بەرفراوانەکەی ئەلقاعیدە بکرێت و تێکبشکێنرێت و دەبێت مێژووی تاوان و خراپەکارانیان ئاشکرابکرێن و لە ماوەی بیست ساڵی رابردودا هیچ کەس و لایەنێکی دیکە هێندەی ئەلقاعیدە موسڵمانیان نەکوشتوە.

*** پێشتر ئەوان تەنها مۆڵگەیان لە ئەفغانستان هەبوو، کەچی ئێستا لە یەمەن و عێراق و سوریاشدا مۆڵگەیان هەیە و رۆژانە چالاکیەکانیان بەرفراوان دەکەن، وەك ئەوەی لە هەولێر روویدا- پلان و بەرنامەی باشی بۆ داڕێژرابوو، تا چەند ئەمە دەبێتەهۆی نیگەرانکردنی جیهانی بۆ ئەوەی دووبارە شەڕی دژە تیرۆر چالاك بکرێتەوە؟**

- هیودارم دووبارە بەرەی دژە تیرۆر ئەکتیف بکرێتەوە، حاڵی حازر ئەمەریکیەکان سەرنجی پێویست ناخەنەسەر عێراق و پێموایە ئەمەش کارێکی خراپە و ئومێدەوارم ئەم هێرشە ببێتەهۆی بێداربوونەوەی خەڵك و لە راستیدا چەندەها هێرشی توندوتیژ هەبوونە کە دەبوو ببنەهۆی چالاککردنی خەڵك بۆ ئەوەی دژایەتی ئەلقاعیدە بکەن. ئێوە ئاماژەتان بە یەمەن و سوریا و عێراق کرد- کە ئەلقاعیدە چالاکە تێیاندا-، بەڵام ئەلقاعیدە کوشتارێکی گەورەی لە کینیا ئەنجامدا- کە لەلایەن ئەلشەبابی سۆماڵیەوە ئەنجامدرا کە سەر بە ئەلقاعیدەن و رێکخراوی سەر بە ئەلقاعیدە کوشتاریان لە نەیجیریا ئەنجامدا و رەنگە رێکخراوێکی سەر بە ئەلقاعیدە تەقینەوەکەی کڵیسای پاکستانی ئەنجامدابێت لە هەفتەی رابردودا کە نزیکەی ٨٠ مەسیحی کوشت، هەروەها دە رۆژ پێش ئێستا هێرشی کردە سەر پرسەیەکی شیعەکان لە بەغدا و بە تەقینەوەیەك ١٠٠ کەسی کوشت. کەواتە ئەلقاعیدە هاوولاتیە ئاساییە بێتاوانەکان دەکوژێت

**ئەلقاعیدە رێکخراوێکی زۆر مەترسیدارە، و پەرەیان بە ئایدۆلۆژیایەک داوە کە پاکانە و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە لەوەی دەست لە بەکارهێنانی هیچ توندوتیژیەک نەپارێزن و سڵ لە کوشتنی مەدەنی و منداڵ و ئەنجامدانی تاوانی گەورە نەکەنەوە**

لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا. هەروەها لە بەهێزبووندایە. لەبەر ئەوە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە پێویستە ئەوەی پێی دەوترێت «شەڕی دژە تیرۆر» چالاک بکرێتەوە و دەبێت پێی بوترێت «شەڕی ئەلقاعیدە» و نابێت تەنها شەڕ و تەقەکردن بێت و پێویستە شەڕی ئایدیاکانیش لە خۆبگرێت، ئەمریکا زۆر خراپ بووە لە شەرحکردنی ئەوەی بۆچی ئەلقاعیدە ڕێکخراوێکی مەترسیدارە و ئاشکراکردنی تاوانەکانیان، ئاشکراکردنی زیانەکانیان، نەک دژی ڕۆژئاواییەکان، بەڵکو دژی موسڵمانەکان، پەردەلادان لەسەر شێواندنی ئیسلام کە ئەلقاعیدە سەرقاڵە پێیەوە و ئاشکراکردنی درۆکانیان لەبارەی مێژوو لە بارەی سروشتی ئیسلام و ئەخلاقیەتی ئیسلامیەوە. لەبەر ئەوە من شەڕی ئایدیام دەوێت لە دژی ئەلقاعیدە. و خەڵکە نیەت باشەکان دەست بە پرۆسەیەکی پەروەردەیی بکەن و جیهان ئاشنابکەن بەوەی ئەم ڕێکخراوە چەند شەڕانیە و و ئایدۆلۆژیا و ئایدیاکانیان چەندە هەڵەیە، کەواتە پێویستە ئایدیاکەیان تێکبشکێنرێت و تۆماری تاوانەکایان ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو کەس تێبگات کە ئەلقاعیدە چ بیرکردنەوەیەکی هەڵەی هەیە و چەند ڕێکخراوێکی دڕندە و بەربەریە.

**لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردودا هیچ کەس و لایەنێکی دیکە هێندەی ئەلقاعیدە موسڵمانیان نەکوشتوە**

**ئەمریکا زۆر خراپ بووە لە شەرحکردنی ئەوەی بۆچی ئەلقاعیدە ڕێکخراوێکی مەترسیدارە و ئاشکراکردنی تاوانەکانیان، ئاشکراکردنی زیانەکانیان، نەک دژی ڕۆژئاواییەکان، بەڵکو دژی موسڵمانەکان، پەردەلادان لەسەر شێواندنی ئیسلام کە ئەلقاعیدە سەرقاڵە پێیەوە و ئاشکراکردنی درۆکانیان لەبارەی مێژوو لە بارەی سروشتی ئیسلام و ئەخلاقیەتی ئیسلامیەوە**

*** بەشێکی دیکەی مەسەلەکە پەیوەست بە ناکۆکی شیعە و سوننەوە، کە دەبینین چالاکیە خۆکوژیەکان زیادبوونە و ڕۆژانە بە دەیان کەس لە سوریا و عێراقدا خۆیان دەتەقێننەوە، ئێستاش شەڕەکە لە عێراقدا بەرەو شەڕی تائیفی دەڕوا و بەرەو ئەوە دەچێت بپەڕێتەوە بۆ ئێران و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئایا ئەگەر ئەم شەڕە ڕووبدات هەموو ناوچەکە ناگرێتەوە و نابێتە ڕووداوێکی مەترسیدار؟**

- من هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئاماژەتان پێکرد، من زۆر نیگەرانم لەبارەی ئەو شەڕە ناوخۆییەی لە عێراقدا کە ڕووی لە زیادبوونە...پێویستە لە عێراقدا ڕێککەوتنی دابەشکردنی داهات و دەسەڵات لە نێو سێ پێکهاتە سەرەکیەکەیدا بێتەدی — شیعە و سوننە و کورد-. بۆچوونی من ئەوە بووە کە حکومەتەکەی مالیکی ئەدای هەڵەی هەبووە و ئامادە نەبووە ئەم دابەشکردنە لەگەڵ سوننەدا بکات و ئەمەش دەرفەتێکی بە سوننە ڕادیکاڵەکان داوە کە دووبارە دەسەڵاتەکەیان ببوژێننەوە و پاساویان داوەتە دەستیان. ساڵ و نیوێك پێش ئێستا زۆر خراپ ڕەفتاری کرد لەگەڵ سوننە میانڕەوەکاندا و کاتێکیش بەم شێوەیە ڕەفتاری کرد، ئەوا پتر گوێیان بۆ ڕادیکاڵەکان گرت. من ساڵێك پێش ئێستا نووسیم کە پێویستە ئەمریکا ئامۆژگاری مالیکی بکات و بگاتە ڕێککەوتنێك بۆ دابەشکردنێکی یەکسان لەگەڵ سوننەدا و نابێت وەك کەسانێکی ئاست نزم مامەڵیان لەگەڵدا بکات و ئەگەر ئەم کارە بکات، ئەوا پاشەکشە بە میانڕەوەکان لە جیهانی عەرەبی سوننە دەکات و بەڵگە و پاساوی ئەلقاعیدە بەهێز دەکات. بەڵام ئەو سیاسیە میانڕەوەکانی سوننەی دەستگیردەکرد و دوو ساڵ پێش ئێستا هەندێ لە گرنگترین کەسایەتیەکانی سوننەی دەستگیرکرد. پێموایە ئەوە سیاسەتێکی زۆر خراپ بوو. دەبێت ئەوە قبوڵ بکات کە ئەم دابەشبوونە لەگەڵ سوننەدا بکات، دابەشبوونی دەسەڵات لەگەڵ سوننە میانڕەوەکاندا، ئەگەر ئەم کارە نەکات، ئەوا دەروازەیەك بۆ ئەلقاعیدە دروست دەکات. تاکە ڕێگایەك بۆ ئایندەی عێراق بریتییە لەوەی هەر سێ پێکهاتەکە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات ڕێکبکەون و کەس هەژموونی نەبێت و کەس هەوڵی باڵادەست بوون نەدات. پێش هاتنی ئەمریکا- لە ساڵی ٢٠٠٣- سوننەکان داوای حکومڕانی و باڵادەستبوونیان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەکرد. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردودا شیعەکان داوای باڵادەستیان کردووە- بەلای کەمەوە بەسەر سوننەکاندا-. ئەگەر من لە جێی سەرکردە کوردەکان بم ئەو ئامۆژگاریەی شیعەکانم دەکرد- بە دڵنیاییەوە ناکرێت ئەوە بەسەریاندا بسەپێنن کە چی بکەن و چی نەکەن- کە دەسەڵات و داهات دابەش بکەن لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەگەر وانەکەن ئەوا شەڕ لە عێراقدا ڕوودەدات و ئەلقاعیدە دێتە عێراقەوە و ڕادیکاڵەکان دەسەڵاتی زیاتریان دەبێت. من نیگەرانم لەوەی مەترسی شەڕەکە لە عێراق خراپتر بێت و بپەڕێتەوە بۆ سوریا و حاڵی حازر پەلدەهاوێت. من دڵنیانیم کێ دەبێت میانگیری بکات بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی ئاشتیانە لە عێراقدا، بەڵام پێویستە تێگەیشتنێك لە نێوان شیعە و سوننەی عێراقدا بێتەئاراوە کە لەسەر بنەمای دابەشکردن بێت و هەردوولا بە شێوەیەك پەیوەندیەکانیان دابڕێژنەوە کە ڕێزگرتنی دوو لایەنە لە خۆبگرێت.

*** ئایا پێویستە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، وەك سعودیە و تورکیا و قەتەر و هەرێمی کوردستان بەرەیەکی دژە تیرۆر دروست بکەن لە ناوچەکەدا؟**

- بەڵێ، من دەمەوێت- ئەوەندەی دەکرێت- هەموو

کەس هاوکاربێت لە دژایەتیکردنی تیرۆر، بە تایبەتی ئەلقاعیدە، هەندێ لە سەرکەوتنەکان بەسەر ئەلقاعیدەدا بەهۆی هاوکاری هەموو ئەو وڵاتانەوە بووە کە ئێوە ئاماژەتان پێکردن، ئێمە هاوکاریەکی باشمان لە نێواندایە لە بواری هەواڵگریدا. ئەمە هۆکارێکە بۆ لەناوبردنی سەرکردە باڵاکانی ئەل قاعیدە، واتە هاوکاری کراین، لەلایەن سعودیە و ئەردەن و ئەوانی دیکەوە، هاوکاری بە زانیاری هەواڵگری. و من هیوادارم لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر هاوکاری بکرایە، و من دەمەوێت سعودیە هاوکاری زیاتر بکات و ڕێگە لەو هاووڵاتیانەی بگرێت کە دارایی بۆ قوتابخانە جیهادیەکان، کە ئایدیای جیهادی بڵاودەکەنەوە و دارایی بۆ رادیکاڵەکانی سوریا دابین دەکەن، ئەلقاعیدە جێی پێیەکی باشی لە سوریادا هەیە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی چی بکەین لە سوریادا، پێموایە تاکە چارەسەر بریتییە لە سازشکردن چونکە ئەگەر رەوتی ڕووداوەکان بە سروشتی بڕۆن، ئەوا ئەلقاعیدە دەسەڵات دەگرێتەدەست و ئەو کاتە عەلەوی و مەسیحیەکان دەردەکەن و دووبارە کارەساتێکی مرۆیی دیکە یەخەمان دەگرێت، مامەڵەیەکی باش لەگەڵ کورددا ناکەن، بەڵام پێموایە کوردەکان قەڵایەکیان بنیاتناوە کە دەتوانن بەرگری لێبکەن، لەبەر ئەوە من دەمەوێت سازشکردن لە سوریادا هەبێت و ئەمریکا کاری لەسەر بکات. با راشکاو بین، ئەسەد کەسێکی زۆر خراپە، بەڵام پێموانییە پێویست بەوە بکات داوای لێبکەین دەسەڵات جێبهێڵێت و پێم وایە دەبێت تەنها تەرکیز لەسەر سازشکردن بکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێك و هەموو لایەك پێی رازی بن. رەنگە ئەمە شێتانە دەرکەوێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو خراپەکاریەی ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ مێژو ئەوا شەڕە ناوخۆییە- ئیتر لەسەر ئاستێکی بەرتەسك یان بەرفراوان خراپەرکاریان تێدا ڕوودابێت- ئەوا بەهۆی سازشکردنەوە کۆتاییان پێهێنراوە، لەبەر ئەوە نابێت نائومێد بین کە شەڕی سوریاش بەهۆی سازشەوە کۆتایی پێبهێنرێت.

*** بۆ کۆنترۆڵی مەترسی تیرۆریزم لە سوریا و عێراق، تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە پشتیوانی کەشی دیموکراتی بکەن کە لە ژێر هەڕەشەدایە، بۆ ئەوەی بەردەوامبن لە گەشەکردن، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە سەرەتای بە دیموکراتیکردندان؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، کوردستان یەکێکە لەو شوێنانەی کە باشترین حکومڕانی دەکرێت لە ناوچەکەدا، و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ببێتە جێی متمانە و نیەتی باشی رۆژئاوا. گومانی تێدانییە ئەو کۆمەڵگەیەی بەهۆی رێسا دیموکراتیەکان و سەروەری یاسا و رێزگرتن لە کەمینەکانەوە حکومڕانی دەکرێت پشتیوانی زیاتر دەکرێت لەلایەن رۆژئاوا. ئەوەشتان لەبیر بێت کە رۆژنامەکانی ئەمریکا بەباشی رومالی روداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکەن و نازانن کێ چاکە و کێ خراپە، بەڵام تێڕوانینێکی گشتیان هەیە لەبارەی کوردەوە کە بەباشی حکومڕانی دەکرێن و رەفتاری ئاشتیانەیان هەیە لە ئاست دراوسێکانیاندا، ئەمەش لە بەرژەوەندی کوردایە، کە دیموکراتی هەبێت و بەباشی حکومڕانی بکرێت و سەروەری یاسا و رێزگرتن لە مافی کەمینەکان هەبێت و حکومڕانیەك هەبێت گەندەڵی نەکات. هۆکاری سەرەکی ئەوەی ئەمریکا پشتیوانیەکی گەورەی موعارەزەی سوری ناکات، ئەوەیە کە بە باشی دیموکراتی نین و بە باشی رێکخراو نین، ئەو مۆدێلەی کوردەکان دروستی دەکەن زۆر لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە، پێموانیە زۆرێك لە ئەمەریکیەکان هۆشیاربن بەو دەستکەوتە ئیجابیانەی کوردەکان بەدەستیان هێناوە و درك بەوە ناکەن کوردستان نمونەیەکی باشە و بە رادەیەکی گەورە بەهۆی رێسا دیموکراتیەکان و سەروەری یاساوە حکومڕانی دەکرێن و من ئاموژگاری سەرکردە کوردەکان دەکەم و بەشێك لە پارە و کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانیان بە رۆژئاوا ئاشنا بکەن، راستە داهاتەکە زۆر نیە و سەرچاوەکان کەمن...بەڵام دەبێت کورد تا رادەیەك رۆژئاوا ئاشنا بکات بەو شێوە حکومڕانیەی هەیانە... ئاشنایان بکەن بە دەستکەوتە دیموکراتیەکانی کوردستان، بە سەروەری یاسا لە کوردستاندا...هەروەها پێموایە کوردەکان پێویستە میانیگری بکەن لە نێوان شیعە و سوننەکانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی بوونی تەبایی و ئاشتی لە نێوان شیعە و سوننەدا لە بەرژەوەندی کورددایە، و کوردستان پێویستی بە ئاشتی شیعە و سوننەیە و پێموایە دەبێت پێشنیاری میانگیری بکەن لە نێوانیاندا... دەبێت چارەسەرەکەش لەسەر بنەمای سازشکردن بێت و کوردەکانیش لە هەر کەسێکی دیکە باشتر لەعەرەبەکانی عێراق تێدەگەن و دەتوانن ببنە میانگیرێکی باش.

**تاکە رێگایەک بۆ ئایندەی عێراق بریتییە لەوەی هەر سێ پێکهاتەکە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات رێکبکەون و کەس هەژموونی نەبێت و کەس هەوڵی باڵادەست بوون نەدات**

**کوردستان یەکێکە لەو شوێنانەی کە باشترین حکومڕانی دەکرێت لە ناوچەکەدا، و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ببێتە جێی متمانە و نیەتی باشی رۆژئاوا**



**پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان بەسەركەوتوویی كۆتایی هات و خەڵكی كوردستان جارێكی دیكە متمانەیان بە پارتی دیموكراتی كوردستان دایەوە وەك پارتی یەكەم و سەرەكی لە كوردستان، ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ ئەوەی كەرنەڤاڵێكی رەنگاڵەیی لە كوردستان دروستكرد، بەڵام بەداخەوە لەدوای راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەكان تیرۆریستان هەوڵیاندا ئەم كەش و سەقامگیرییە بشێوێنن، بەڵام پیلانی تیرۆرستان سەركەوتوو نەبوو، هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەكەش وەك دەبینین ناوچەكە بەگشتی و عێراق و سوریا بوونەتە دوو شوێنی ترسناك بۆ تیرۆریستان و رۆژانە دەیان كاری تیرۆریستی ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا هەرێمی كوردستان دورگەیەكی ئارام بوو بۆیە زۆر جار پریشكی ئەو ژینگە ئاڵۆزە ئەم دورگە ئارامە دەگرێتەوە، بۆ قسەكردن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەكان و كارە تیرۆریستیەكان و پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا، گوڵان لەشاری بەغدا ئەم دیمانەیەی لەگەڵ بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس ئەنجامداوە كە ئەمە دەقەكەیەتی.**

*** لە ماوەی رابردوودا بەڕێزتان بۆ بەشداری كردن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان گەڕابوونەوە كوردستان. چۆن پرۆسەی هەڵمەتەكەو ئاكامەكەی بە شێوەیەكی گشتی دەخوێننەوە؟**

- بەر لە هەموو شتێك لە روانگەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، لە راستیدا خۆی هەڵبژاردن خۆپیشاندانێكی گەورەی پرۆسێسێكی دیموكراتی بوو، خۆشبەختانە- ناڵێم كەموكوڕیی نەبوو- بەڵام بەشێوەیەكی گشتی سەركەوتووانە و بێ گیروگرفت ئەنجامدرا، بەتایبەتیش هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شێوەیەكی ئارام و سەقامگیر بەڕێوەچوو، ئەمە هەمووی بەڵگەی ئەوەیە كە گەلی كوردستان خۆشبەختانە هەردەم بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەتایبەتیش لە مەسەلەی دیموكراتییەت و پرۆسەی هەڵبژاردن كە ئەمە دەرئەنجام كاریگەریی خۆی دەبێ لەسەر رەوشی ناوخۆی هەموو كوردستان، لە روانگەی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە هەموو سەركردایەتی و هەڤاڵان و لە سەروویانەوە جەنابی سەرۆك بارزانی تا دوا كادیری پارتی دیموكراتی كوردستان ئەوەی لە توانایاندا بوو بەخششیان كرد لە پێناوی ئەوەی پرۆسەیەكی سەركەوتووبێت، هەروەها سیاسەتی پارتی لە پرۆسەكە سیاسەتێكی زۆر هێمنانە بوو، بێ ئەوەی كە هێرش بكاتە سەر هیچ لایەنێك یان لە سنووری یاساكان و رێنماییەكان دەربچێت، بۆیە ئەویش لەلایەكی دیكەوە جێگەی خۆشحاڵییە كە روویەكی شارستانی و پێشكەوتووی پارتییەكەمانی پیشان دا، سەبارەت بە ئەنجامەكانی هەڵبژاردنیش ئەم ئەنجامانە هەمووی ئاوێنەی هەست و شعوری گەلی كوردستانە بەرامبەر ئەو پارتانەو ئەو بەرنامانەی كە هەیانە، ئەوەی شایانی باسە پارتێك كە مێژوویەكی وەكو پارتی دیموكراتی كوردستانی هەبێت و دەستكەوتی گەورەی هەبێت بۆ گەلی كوردستان و سیاسەتێكی روون و ئاشكرای هەبێت جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بە پلەی یەكەم دەربچێت و زۆرینەی دەنگ بێنێت لە ناو حزبەكانی دیكەدا، من هیوادارم ئەو ئەنجامە بەكاربهێنرێت بۆ خزمەتی گەلی كوردستان بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی پرۆسە دیموكراسییەكە، گوزەران چاكتر بكرێت و سوود لەو ئەزموونە وەربگیرێت و

## دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس
## جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێویستە لە ئایندەیەکی نزیکدا لیژنەکان بکەونەوە کاری ئاسایی خۆیان

### دورگەیەکی دیموکراتی لەناو دەریایەک ناسەقامگیری هەر پریشکی بەر دەکەوێت

لایەنە ئیجابییەکانی هەڵبژاردن زیاتر پتەوبکرێت و لایەنە سلبییەکانیشی بەپێی توانا کەم بکرێتەوە و بەسەریدا زاڵ بین.

*** لەم هەڵبژاردنەدا، هەروەك جەنابتان باستان کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەست هێنا و زۆرینەی خەڵکی کوردستان متمانەیان پێداوە، ئایا تا چەند ئەم ئاکامە کاریگەریی بۆسەر پێگەی پارتی دەبێت لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا؟**

- ئاشکرایە کە پارتێك لە ناو پارتەکانی دیکەدا دەنگی زیاتر دەهێنێت بە چاوێکی دیکەوە سەیر دەکرێت لەوەی کە هەمان پارت دەنگی کەمتر بێنێت یان پێگەی تۆزێك لە خوارەوەتر بێت، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە پارتەکانی دیکەش جێگەی خۆیان نییە و متمانەی گەلیان پێ نەکراوە و هەر پارتەی بەپێی قەوارەو پرۆگرام و هەلومەرج و توانای خۆی دەنگی هێناوە، ئەو دەنگانەش جێگەی رێزن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەمووی، وەکو یەکێك کە لە قوتابخانە یەکەم دەربچێت بە چاوێکی دیکە سەیر دەکرێت، لە خوێندن یان لە ئینشا یەکەم دەرچێت ئەوەش هیچ جیاوازیی نییە، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من چ لە عێراق و چ لە دەرەوە هەستیشمان پێکرد لە میدیاکانی دەرەوە لە بروسکەی پیرۆزباییەکان کە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هات، کە بڕینی هەڵبژاردن بەو شێوەیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر هەموو دەورو پشتمان، کە بەشێوەیەك و رێزێکی تایبەتییەوە بنوارنە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی، ئەگەر لە راستیشدا سەیری بکەیت پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی مێژووی دوورو درێژیەوە هەروەکو باسم کرد، بە هۆی ئەو سیاسەتە روونەی پەیڕەوی دەکات و بەراستیش دەخوێنرێتەوە و بەتایبەتیش سووربوونی لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان و سازش نەکردن لەسەر ئەو مافانە، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی کە گەلی کوردستان متمانەی پێ بکات ئەوەش مەرجە لای پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلەی یەکەم، بەپلەی دووەم ئینجا متمانەو رێزی لایەنەکانی دەرەوەی کوردستان دێت.

*** ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو دوای راگەیاندنی ئاکامی**

**ئەوەی شایانی باسە پارتێک کە مێژوویەکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانی هەبێت و دەستکەوتی گەورەی هەبێت بۆ گەلی کوردستان و سیاسەتێکی روون و ئاشکرای هەبێت جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بە پلەی یەکەم دەربچێت و زۆرینەی دەنگەکان بێنێت لەناو حزبەکانی دیکەدا**

**تیرۆریستان ئامانجیان ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە دیموکراتی و عەلمانی و پێشکەوتنخوازەی کە گەلانی ئەو ناوچەیە هەیانە و بگرە گەلانی جیهان هەیانە بە شێوەیەکی گشتی لەباری بەرن**

**بەرایی هەڵبژاردنەکان، تیرۆریستان چەند تەقینەوەیەکیان لە هەولێر ئەنجام دا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان نیگەران بن، تاچەند ئەو کارە تیرۆریستییانە پەیامێکی دوژمنکارانە بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئەگەر سەیری رەوشی ناوچەکە بکەین دەتوانین بیچووێنین بە دەریایەکی گەورە کە بە هەموو لایەکدا شەپۆل دەهاوێژێت و لە کوڵاندایە، ئەگەر سەیری ناوچەکەو دەوروپشت بکەین شوێنێك نابینین کە نا ئارامی و گیروگرفتی ناوخۆیی تێدا نەبێت، ئەو عێراقە بەو شێوەیەیە، سوریا بەهەمان شێوە، هەروەها وڵاتانی دیکەی دەوروپشتمان کە نامەوێ ناویان بێنم کە کێشەی گەورەیان هەیەو بەراورد ناکرێت لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان عێراق، خۆی لە بنەڕەتدا مایەی سەرسوڕمان بوو کە بارودۆخەکە لەکوردستان بەم شێوەیە ئارام و سەقامگیرە، دیارە ئەوە لەخۆڕا نەهاتووە، لە ئەنجامی کۆشش و هەوڵدانێکی زۆر و تەقەللایەکی گەورەی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان بووە، هەروەها وشیاری گەلی کوردستان بووە کە وایکردووە بارودۆخی کوردستان جیاوازییەکی هەبێت، هەروەها نابێ لە هەمان کاتدا پێمان سەیر بێت تۆ لە دەریایەکی ئاوا پڕ ناڕەحەتی لە کێشەو گرفت بڵێیت دوورگەیەکی وا هێمن و بەرقەراردانت هەیە، ئەمە شتێکی سرووشتی نییە، لەبەر ئەوە دەکرێ جاروبار شتێك لەو ناوە بقەومێ و پروشکێکی ئەو ناڕەحەتییەی دەوروبەرت پێ بگات، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کوردستان بەشێکە لە عێراق، هەموو کاتێکیش گوتوومانە تا رەوشی عێراق بەرەو خراپی بچێت کاریگەریی لەسەر کوردستان دەبێت، مەسەلەی سێیەمیش لە راستیدا تیرۆریستان ئامانجیان ئەوەیە کە ئەو بۆچوونە دیموکراتی و عەلمانی و پێشکەوتنخوازەی کە گەلانی ئەو ناوچەیە هەیانە و بگرە گەلانی جیهان هەیانە بە شێوەیەکی گشتی لەباری بەرن، گەلانی ناوچەکەو مرۆڤایەتی بە گشتی بە ئاراستەیەکی نادیاری تاریکدا بەرەو دواوە بەرن ئەمە ئامانجی تیرۆریستانە بە تایبەتی ئەلقاعیدەو ئەوانی دیکە، لەبەر ئەوە هیچ سەیر نییە کە بە شێوەیەکی تایبەتی هەوڵی ئەوە بدەن رەوشێکی ئارام و دیموکرات و پێشکەوتوو لە کوردستاندا بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنێکی وا سەرکەوتووی رەنگاوڕەنگ ببێتە ئامانجیان و ئەم بارودۆخە تێك بدەن یان لەکەداری بکەن، ئەمانە لە راستیدا چاوەڕوانکراون، من پێموایە هەوڵی تیرۆریستان لەم بارەیەوە ناوەستێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا باوەڕم بە هێزە بە گەلی کوردستان بە پلەی یەکەم بە دەزگا ئەمنییەکان و ئاسایشی خۆمان بە گشتی چ هێزی پێشمەرگە بێت یان هێزی پۆلیس بێت یان هەموو هێزەکانی ناوخۆی کوردستان کە بەرەنگاری ئەو هەوڵ و تەقەللایانە دەبنەوەو لە شوێنی خۆیان پووچەڵی دەکەنەوە. لە راستیدا ئەزموونیشیان هەیەو لەم چەند ساڵەی رابردوودا بینیومانە ئەو هێزانەی ئێمە، گەلی کوردستان، پارتەکانی کوردستان، توانیویانە رەوشێکی خۆش لە کوردستان بێننە کایەوە، ئەوەی ئەمەی کردبێ دەتوانێ هەر بەردەوام بێ.

*** ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن ئەو پەیامەی تیرۆریستان دەخوێننەوە، ئایا بەڕای جەنابت ئەوە کاریگەریی ئاڵۆزی ناوچەکەیە یان دوژمنان مەبەستیانە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێك بدەن، تیرۆریستان هەر مەبەستێکیان هەبێت ئێوە چۆن رووبەڕووی ئەو نیگەرانییە دەبنەوە؟**

- من پێشتر باسم کرد، کوردستان لەبەر بۆچوون و ئاڕاستەی دیموکراتیخوازانەو ئازایخوازانە بۆتە ئامانج، دووەم، رەوشی ناوچەکەش بەو خراپییە بێ بێگومان پڕیشکی دەگاتە کوردستان، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی نموونەیەکە بۆ رەوشی ئارام و باشی لە هەموو ناوچەکە، بۆیە هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوە دەکرێتە ئامانج، بۆیە دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت و ئامادەکاری بۆ بکەین، بڕواشم قایمە کە گەلی کوردستان و هێزەکانی کوردستان هەمیشە ئامادەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەوڵ و تەقەللایەکی نادروستی تیرۆریستان.

***ئەگەر باس لە بارودۆخی نا سەقامگیری عێراق بکەین هەست دەکەین لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، ئێوە وەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق، چۆن رەوشی سیاسی و ئەمنی ئێستای عێراق دەخوێننەوە؟**

- ئاشکرایە ماوەیەکە رەوشی عێراق بە شێوەیەکی گشتی بەرەو خراپی دەڕوات، بەپێی ئەو راستییانەی کە لێرە روودەدەن بە حوکمی ئەوەی ئێمە لە بەغداین و ئاگامان لە شتەکانە، رۆژ نییە تەقینەوەو تیرۆرکردن و کوشتن نەبێت، ئەمەش مانگ لە دوای مانگ بەرەو زیاد بوون دەچێت ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین لە سەرەتای ئەمساڵ (٢٠١٣) تا ئێستا مانگ بە مانگ ژمارەی تەقینەوەو رووداوەکان زیادیان کردووە و تارادەیەك لە هەندێ شوێندا لە کۆنترۆڵ دەرچووە، ئەمە هەمووی بەڵگەی ئەوەیە کە رەوشێکی ناسەقامگیر و بە تایبەتیش رەوشێکی ناسەقامگیری سیاسی هەیە، چونکە ئەگەر رەوشێکی سەقامگیری سیاسی هەبووایە بێ گومان دەتوانرا سیاسەتێکی ئەمنی سەقامگیر دابنرایە کە چ حکومەت و چ گەلی عێراق بە گشتی شان بە شانی یەکتری بەرەنگاری هەموو جۆرە هەوڵێکی تیرۆریستانە دەبوونەوە، نەك تیرۆریستان بەڵکو هەندێ لایەنی دیکەش هەن کە دەیانەوێت عێراق بە گشتی بەرەو دواوە بەرنەوە واتا بەرەو رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، بێجگە لەوەش هەوڵی تیرۆریستان کە قاعیدەو تەکفیرییەکانن، ئەوە رەوشی ئەمڕۆی عێراقە سەقامگیری سیاسی و ئەمنی نییە و رەوشی ئابووریش بە گشتی نا سەقامگیرە، بۆیە دەبێ لایەنە عێراقییەکان بیرێکی جددی بکەنەوە، عێراق بەرەو کوێ بەرن، من ناڵێم لەم هەلومەرجە هەنگاوی زۆر گەورە بهاوێژێت، ئاشتبوونەوەی

گشتی بکەیت یان سەقامگیرییەکی سیاسی بێنیتە کایەوە لە هیچەوە، بەڵام لانی کەم دەتوانیت هەوڵی ئەوە بدەیت لە عێراقدا کێشەی گەورەتر روونەدات، بارودۆخەکە لەوە خراپتر نەبێت، بەتایبەتیش کێشـــەی گەورە لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق پەیدا نەبێت، لە نێوان حزب و کەسایەتییەکانی عێـــراق روونەدات، تا دەگەینـــە هەڵبژاردنەکان، پردێك یان پلانێـــك بدۆزینەوە کە گەلی عێـــراق و حزبەکان بگەیەنێتە هەڵبژاردنەکانی ســـاڵی داهاتوو بێ کێشەیەکی گەورە، بە بێ ئەوەیە ببێتە پاســـاو بۆ لایەنێك یان لایەنێکی دیکە کە هەڵبژاردن دوابخات یان نەیکات، یان عێراق بەرەو ئاراستەیەکی دیکە بەرێت، ئەمە مەرجێکی بنەڕەتییە، مەرجی دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ هەوڵ بدرێت کە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو بەپێی توانا پاك و شـــەفاف و بێگەرد بێت، ئەوەش مەرجە کـــە تۆ هیوایەکت بەو هەڵبژاردنـــە هەبێت کە بە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە تۆ بتوانیت و تا رادەیەك بواریشـــت هەبێت و شـــتێکی تازەی وا بێتە کایەوە کە بتوانیت بە شێوەیەکی لەســـەرەخۆ بیر لە رەوشـــی عێراق بکەیتەوە، کە رێوشوێن و بەرنامەی بۆ دابنێیت چارەســـەری بکەیت، مەســـەلەی سێیەمیش سەبارەت بە عێراق کە تایبەتمەندە، هەموو جارێك کـــە هەڵبژاردن بووە، پێش هەڵبـــژاردن و دواتریش، چونکە خەریکی دامەزراندنی حکومەتی تازە بووین، بۆشـــاییەکی سیاسی دروســـت بووە، تیرۆریستان و دوژمنانی ئەزموونی دیموکراتی لە عێراقدا بە گشـــتی واتا ئەو عێراقەی بەپێی دەســـتوور بنیادبنرێت، عێراقێکـــی دیموکراتی، فیدرالی، عێراقێك کە دەسەڵات تیایدا بە شێوەیەکی ئاشتیانەو لە رێی سندوقی دەنگدانەوە ئاڵوگۆڕبکرێت، عێراقێکی وا دوژمنانی زۆرەو نایانەوێت بگاتە ئەو قۆناغەو هەمیشە ئەو هەلومەرجە بۆشـــاییە سیاســـییەیان قۆزتۆتەوە هەتا پێش هەڵبژاردن و دواتر کە نزیکەی ســـاڵێك یان دە مانگی پێچووە، کرداریی تیرۆریســـتی خۆیان و پێگەی خۆیان زیاتـــر قایم کردووە، کە توانیویانە بەردەوام بن لە کارە نادروســـتەکانیان، من بە باشـــی دەزانم ئەگەر هێزەکانی عێراق بتوانن میکانیزمێکی وا بدۆزنـــەوە پێش هەڵبژاردنیـــش و ئەو هێزانەی کە نزیکن لەیەك، لە ئێســـتاوە بیربکەنەوە شێوەی حکومەتی داهاتوو و کەســـایەتییەکان چۆن دەبن، بەرنامەکـــەی چۆن دەبێ، ئەگـــەر نیمچە رێکەوتنێکیش هەبێت، ئەویش لە ســـوودی پرۆسەسەکەیە.

*** ماوەیەکـــە هەموو لایەنەکانی عێراق بە تایبەتی لایەنی شـــیعە لە هەوڵی ئەوەدان پەیماننامەی شـــەرەف لە نێوان لایەنەکاندا دروستبکەن، ئێوە چۆن سەیری ئەو پەیماننامەیە دەکەن، ئایـــا پێتانوایە باری ناســـەقامگیری عێراق بەمە چارەسەردەکرێت؟**

- ئێمـــە وەکو پارتی دیموکراتی کور دســـتان وەکو کوردیش بە شێوەیەکی گشتی، لایەنێك نەبووینە لەو ململانێیەدا، بە داخەوە ئەمڕۆ ململانێیەکە لە نێوان ســـوننە و شیعەدایە، لە بنەڕەتدا لەسەر دەســـەڵاتە، کاتی خۆی دەسەڵات بەدەست ســـوننەوە بووە، زۆر کەس دەیەوێت ئەمە بشارێتەوەو باسی نەکات، ئەمە راســـتییەکەیەو ئێستا دەسەڵاتەکە بە کردەیی لەدەســـت شـــیعەدایە، ئەمانـــەو گەلی کـــورد پێکهاتەی بنەڕەتیـــی عێراقن، کورد لەو ململانێیە بـــەدوور بووە واتا بەشـــێك نەبووە لە ململانێ لەگەڵ سوننە دژی شیعە یان بە پێچەوانـــەوە، بەڵکو کورد هەوڵی داوە ئەو دوو لایەنە لە پێکهاتەکانی عێراق هەمووی وەکو شـــەریکێکی راستەقینە لەســـەر بنەمای هاوسەنگی و ســـازان(تەوافوق)کاربکەن و ئـــەم وڵاتە بەرێوەبەرن، بۆیە کورد توانیویەتی هەمیشـــە رۆڵی ناوبژیوان ببینێت، لەبەر ئەوە کورد هەوڵی داوە کێشە نەمێنێت و چارەسەری کێشەکان بکات و دەستوور جێبەجێ بکرێت، عێراقیش لە خزمەت هەموو لایەنێك بێت، ناتوانی بڵێیت من دژی ئەم یان ئەو بانگەشـــەم بە تایبەتی ئەگەر بانگەشـــەکان راست بن یان نا، بانگەشـــەی ئاشتەوایی و ئاشتبوونەوەو چارەسەری کێشـــەکان بێت، بەڵام لێرەدا ئێمە وەکو کورد و وەکو پارتی دیموکراتی کوردســـتان، دەتوانین بە راشـــکاوی بڵێین بانگەشە باشـــە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە، چونکە تۆ رەنگە بتوانیت بانگەشـــە بکەیت تەنیا بۆ بانگەشـــەی هەڵبژاردن، یان بە ناوی کەسێکەوە کە بەهای پێ بدەیت و ئەو بانگەشـــەیەی تـــۆ هیچ کردارێکی لەدوا نییە بۆیە سەرئەنجام بێ بەهایە، ئێمە لەگەڵ ئەو بانگەشەوە تەقەللایانەداین کە هەنگاوی پراکتیکی و کردەیی لەدوایە و تەنیا بانگەشە نییە، یان قسەیەکی گەورە نییە لە هۆڵێکی گەورەدا بکرێت، لە میدیا بڵاو بکرێتەوەو هیچ سنوورێکی نەبێ، هەروەها نە بەرنامەو نەخشـــەیەکی نەبێ کە بتوانیت کاری پێ بکەیت.

*** دوای ســـەردانی مالیکی بۆ هەولێر و پاشان سەردانی جەنابی ســـەرۆك بارزانی بۆ بەغداو پێکهێنانی ژمارەیەك لیژنە، جارێکی دیکە کارکردنی لیژنە پێکهێنراوەکان وەستا، وەك دەوترێ لە ئێســـتادا پرسی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغـــدا پەکی کەوت، بۆچی ئەم جارە وای لێهات؟**

- جارێ ئەوەی ئیجابییە، هێرشـــکردنە سەر یەکتر وەستاوە، پەیوەندییەکـــی ئاســـایی هەیـــە لەنێوان هەرێـــم و بەغدا، هەڵمەتـــی راگەیانـــدن دژی یەك نەمـــاوە، هەروەها هیچ کار دژی یەك نەکـــراوە، زۆر کەس لەوانەیە بڵێت بە هۆی هەڵبژاردنی کوردســـتانەوە یان پشێویی بارودۆخی ئەمنی عێراق پرۆسێسەکە دواکەوتووە، بەڵام بە رای من ئەمە پاساو نییە، رێوشـــوێنی راست بۆ چارەســـەری کێشەکان دانراوە، هەموو کێشـــەکان دەست نیشانکراون و بۆ هەر یەکێك لیژنە دروســـتکراوە، من بە پێویســـتی دەزانم ئەو لیژنانە هەموو بکەونە ئیش، هەروەها کاربەدەســـتان گوشـــار بخەنە سەر لیژنەکان و بە زووترین کات کۆببنەوە و هیچ نەبێ خزمەت بە هەموو لایەك بکەن.

**بەپێی ئەو راستییانەی کە لێرە رووددەن بە حوکمی ئەوەی ئێمە لە بەغداین و ئاگامان لە شتەکانە، رۆژ نییە تەقینەوەو تیرۆرکردن و کوشتن روونەدات**

**کورد هەوڵی داوە لایەنی سوننە و شیعە لە پێکهاتەکانی عێراق وەکو شەریکێکی راستەقینە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و سازان(تەوافوق)کاربکەن و ئەم وڵاتە بەڕێوەبەرن، بۆیە کورد توانیویەتی هەمیشە رۆڵی ناوبژیوان ببینێت**

# ئایا ڕەوایە گەلی کورد متمانە بە سوپای عیراقی فیدراڵ بکات؟


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

ماوەیەکە هەندێك دەنگیان لێ هەڵبڕیوەو دەڵێن هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراق، هەرچی حەقێك بدرێتە ئەم بۆچوونە، ئاکام لەبەردەم ئەزموونە تاڵەکانی پێشووی دەوڵەتی عیراقیدا بەتاڵ دەبێتەوە، جارێکیان گۆرباتشۆف وتویەتی ((ئەوەی درەنگ دەگات، مێژوو سزای دەدات)) ئەم بۆچوونە ڕاست دەرچووە، لە دەرئەنجامی دارِمانی بلۆکی سیاسی سۆڤێتیی تەمەن ٧٣ ساڵییەوە کەوتۆتەوە، کە کەوتنی یەکە بە یەکەی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی بە دوادا هاتووە، ئەوەش بە هۆی نغرۆبوونی سەرکردایەتیی سۆڤیەتەوە لە گەندەڵکاری و گوێ نەدانییەوە بە بەرژەوەندییەکانی گەل..تاد

چەندین شێوازی دووفاقێتی و ململانێی سیاسی لێ دروست بوو تا لە ناوەوە دایڕمان، لەو بارەیەوە هۆکارە دەرەکییەکە بە تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکی هەبووە، لەو ئەزموونەوە ئەو پەندە وەردەگرین(( ئەوەی لە وانەکانی ڕابردووی خۆیەوە پەند وەرنەگرێت مێژوو بە سزای دەگەیەنێت)) ئەمە ڕێکاو ڕێك ئەو بابەتەیە کە بە شرۆڤەوە هەر پرسیارێك دەربارەی جۆری پێوەندی لە نێوان دەوڵەتی عیراقی و سوپاکەی وەڵام دەداتەوە، بە دیاریکراویش لە نێوان سوپای عیراقی لە لایەك و گەلی کورد لە لایەکی ترەوە، بە هۆی ئەو ئەزموونە تاڵانەی گەلانی دنیا پێیدا تێپەڕیون، یاسادانەران ئەرکی سوپایان لە بەرگریکردن لەسەر سنووری وڵات چڕکردۆتەوەو بۆی نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵات وەربدات، بەڵام زۆرجار حکومەتەکان سوپایان لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانی خۆیان جووڵاندووەو دژ بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئایا عیراق بە درێژایی تەمەنی خۆی شتی وای نەکردووە؟؟

لە دەسپێکی دامەزراندنی سوپای عیراقییەوە لەسەر دەستی بەریتانیای داگیرکار لە ١٩٢١/١/٦ ئەوەش بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایی عیراقی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت سوپای عیراقی خراوەتە خزمەتی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکان کە نەیانتوانیوە کێشەی نەتەوەیی بە ڕێگەی دانوستان و ئاشتی چارە بکەن، بەڵکو زەبری هێزو توندوتیژی لە لایەن سوپای چەکدارەوە دژ بە گەل خراوەتە کار، ئەم گرتنەبەری ڕێگایەش گرفتەکانی ئاڵۆزتر کردوون و ململانێکانی گۆڕیون بۆ ناکۆکی خوێناوی و چەکدارییانە وەك چۆن هەر لە سەرەتاوە لە ساڵانی ١٩٣٠و ١٩٣٥و ١٩٤٥و ١٩٤٦ دژ بە بزووتنەوەی کوردی ڕوویداوە، هەروەها دژ بە ئاشووری و کریستیانەکان لە ساڵی ١٩٣٣ کە

قەسابخانەکەی دۆڵی سێمێلی لێ کەوتەوە، یان چۆن سوپا دژ بە بزاڤی جووتیاران لە فوراتی ناوەند لە ساڵی ١٩٣٥ چەکیان خستەکار، هەروەها بەکارهێنانی سوپا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینەکەی کانونی دووەمی ١٩٤٨ و هەردوو ڕاپەڕینی تشرینی ١٩٥٢و لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ١٩٥٦، بەڵام ئەم بابەتە کورت دەکەینەوە بۆ دیاریکردنی بەکارخستنی سوپای عیراقی لە دژی تێکۆشانی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی تازەی عیراقی.

بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٦ ویلایەتی موسڵ کە ئەوکات موسڵ و هەولێرو سلێمانی و کەرکوکی لە خۆدەگرت خرایە سەر موڵکی دەوڵەتی عیراقی، بەر لە کۆتایی هاتن بە ئینتیدابی عیراق لە ساڵی ١٩٣٢ نامەگۆڕکێ لە نێوان مەلیك فەیسەڵی یەکەم و حکومەتی عیراقی لە لایەك و هەروەها لە نێوان کۆمەڵەی گەلان لە لایەکی ترەوە هەبوو بۆ چەسپاندنی ئەو مافە ڕەوایانەی پێویست بوون بە گەلی کورد بدرێن تا لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆی عیراق جێبەجێ بکرێن، بەڵام حکومەتە شۆڤێنییە عیراقییە یەك لە دوا یەکەکان کە زۆربەی سەرۆکەکانیان پێکهاتبوون لە ئەفسەرانی سەر بەو شۆڕشانەی عەرەبی کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەگیرسان هاوکات لە کۆلێژە سەربازییەکانی ئەوکات دەرچووبوون، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردی بە سەرکردایەتیی هەردوو کەسایەتیی نیشتمانپەروەر شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ ئەحمەدی بارزان کەوتە چالاکی لە پێناوی دەستەبەرکردنی هەندێ بەرژەوەندیی گەلی کورددا، دواتر مەلامستەفای بارزانی لەو بزاڤە شۆڕشگێڕانەیەدا بەشداری کردو درێژەی پێدا، حکومەتی عیراقی وەڵامی داواکارییەکانی نەدانەوە وێڕای پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلانەوە، لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵمەتی سەربازی کرایە سەر کوردستان و بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەوە زۆرکەسیان شەهید کردو بزووتنەوەکەیان لە بار برد، دواتر بزوتنەوەی کوردی بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی دووەم لە ساڵی ١٩٣٥ دەستی پێکردەوە ، دیسانەوە لە لایەن حکومەتەوە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد ڕەتکرانەوەو شێخیان ناچارکرد پەنا بۆ تورکیا بەرێت، کە لە سەرەتادا خستیانە زیندان و دواتر ئازادیان کرد، ساڵی ١٩٤٥ بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد چەندین داخوازی لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی کۆمەڵەی گەلان پێشکەش کرد کە ئەوانەیش هەر ڕەتکرانەوە، ئەمانەی خوارەوەش هەندێك لەو داخوازییانەن:

١. دامەزراندنی فەرمانبەرانی کارگێڕی لە کورد بۆ ناوچەکانی کوردستان.
٢. دامەزراندنی جێگری وەزیرێکی کورد بۆ هەر وەزارەتێك.
٣. دانانی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا.
٤. دانانی وەزارەتێك تایبەت بە کاروباری کوردی.
٥. ئازادکردنی گیراوە سیاسی و زیندانیکراوەکان کە بە هۆی دۆزی کوردییەوە لە زینداندان.
٦. ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە بەر بۆردومان و تۆپبارانکردن.
٧. قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیانی زیان لێکەوتوو بەهۆی کوشتارەوە.
٨. بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە لە سەرانسەری کوردستاندا.

شەرمەزاری بوو بۆ حکومەت کە نەك ئەو داخوازییە ڕەوایانەی گەلی کوردی پێ دابین نەکرا بەڵکو بە هاریکاری و پاڵپشتی هێزەکانی بەریتانیی سوپای عیراق هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر شۆڕشی کوردو هەردوو سەرکردە شێخ مەحمود و مەلامستەفایان ناچار کرد عیراق بەجێ بێڵن و ڕوولە ئێران بکەن و لەوێش لە ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری مەهاباد بەشدارییان کرد، پاش نسکۆی کۆمارەکەش بە کاروانێکی مێژوویی ڕوویان کردە ڕووسیا، جگە لە شێخ ئەحمەد بارزانی و چوار ئەفسەریان نەبێت کە لێبوردنیان بۆ دەرچوو بوو خۆیان ڕادەست کردەوە بەڵام حوکمی لەسێدارەیان بەسەردا سەپاندن ، بەو شێوەیە بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی پاشایی هیچ کام لەو داخوازییە ڕەوایانەی کورد نەسەلمێنرا، بەڵکو کوردستان وێڕای ئەو سامانە نەوتییەی هەیەتی و پارەی بۆ عیراق ڕادەکێشا کەچی لەڕووی پێشکەوتنی ئابووری و پەرەپێدانەوە فەرامۆش کرا، هەر بە پارەی نەوتی کوردستان بە درێژایی هەموو حوکمە یەك لە دوایەکەکانی ئەم وڵاتە سوپای عیراق ئامراز بووە بە دەستی حکومەتەوە بۆ لێدانی داخوازییە ڕەواکانی کورد و هەر بە دەستی ئەو سوپایەوە بە هەزاران کورد شەهید کراون، بە گشتی بەهۆی ئەوەی سوپا دژ بە گەلی عیراق و داخوازییەکانی گەلی کورد کرابووە داردەست، هەرچی هێزی نیشتمانیە لە دەوری سوپا کۆبوونەوەو پێکەوە ڕێککەوتن تا ڕژێم بڕوخێنن وێڕای هەبوونی دوو ئەزموونی شکستخواردووی لەم چەشنە ساڵی ١٩٣٦ بە ڕابەرایەتیی بەکر سدقی و ساڵی ١٩٤١ بە ڕابەرایەتی گەیلانی و چوار عەقیدەکە، ئاماژە بەوەش بدەین کە ڕژێمی پاشایەتی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٥٨ زیاتر لە ١٦ جاران باری

**هەر بە پارەی نەوتی کوردستان بە درێژایی هەموو حوکمە یەک لە دوایەکەکانی ئەم وڵاتە سوپای عیراق ئامراز بووە بە دەستی حکومەتەوە بۆ لێدانی داخوازییە ڕەواکانی کورد**

**بە درێژایی زیاتر لە شەست ساڵ سوپای عیراق وەک داردەستی حکومەتەکان دژ بە لەناوبردنی کورد دەخرایە گەڕو زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک هاووڵاتی کوردی لەناوبردووە**

**شەرمەزاری بوو بۆ حکومەت کە نەک ئەو داخوازییە رەوایانەی گەلی کوردی پێ دابین نەکرا بەڵکو بە هاریکاری و پاڵپشتی هێزەکانی بەریتانیی سوپای عیراق هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر شۆڕشی کوردو هەردووسەرکردە شێخ مەحمود و مەلامستەفایان ناچار کرد عیراق بەجێ بهێڵن و روو لە ئێران بکەن**

نائاسایی سەربازی لە هەرێمی کوردستان راگەیاند هەر لە زاخۆو بارزانەوە تا شـارە گەورەکانی وەك سلێمانی و کەرکوك و هەولێرو رەواندزو سنجار..تاد

پاشـتر شۆڕشـی نیشـتمانخوازی بـە رابەرایەتیی عەبدولکەریم قاسـم سەرکەوت لە لایەن کوردەوە ئومێدی وەرگیرانی مافە بنەڕەتیەکان شین بوویەوە، هەروەها گەلی عیراق لە چاوەڕوانی دانانی دەستورێکی هەمیشەیی و حکومەتێکـی مەدەنیدا بوون بۆ دابین بوونی ئازادییەکان و مافە دیموکراتییەکان، بەڵام سوپا دەستی لە دەسەڵات بەرنەدا، لە بری ئەوەی چارە بدۆزرێتەوە بۆ دۆزی رەوای کورد بە شـێوازی ئاشتیانەوە لە رێی دانوستانەوە کەچی بە هێزەکانی ئاسـمانی و وشکانیەوە لە کوردستان درا بە هۆیەوە ئاگری شۆڕشی ئەیلول کڵپەی سەند..

کودەتاچییە فاشـستەکان بـۆ ماوەیەك سـەرکەوتنیان بە دەسـت هێنا لە رێی کودەتاکـەی ١٩٦٣وە ئەوانیش بوونە ئامرازێکی وێرانکەری وا کە لەسـەر زاری ساڵح مەهدی عەمماشـەوە لەناوبردنی گەلی کوردسـتان بە سـەیرانێکی بەهاریی جوێنراو سوپای عیراقیان بۆ ئەو مەرامە وێرانکارییە خسـتە کار تا ئەوانیش بە دەسـتی هاوپەیمانە نەتەوەییـە پەرگیرەکانی خۆیانەوە تەختکران، فەرمانڕەوایانی نوێ دیسانەوە وەك ئەوانی پێشوو لوولەی چەکەکانی سوپایان ئاراسـتەی تێکۆشانی نیشتمانی و بزاڤـی رزگاریخوازی کورد کـردەوەو خەڵکێکی زۆریان لە کوردسـتان شـەهید کرد، تا ئەمانیش لەسەر دەستی بەعسـییەکان رووخان کاتێ بەعسـییەکان بەروبوومی کودەتاکەی سـاڵی ١٩٦٨یـان چنییـەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازیـی کورد بنکەی کۆمەڵایەتی و سیاسـی داکوتا بوو، هێزەکانی پێشمەرگە پێگەیشت، بەعسییەکان ئەمەشیان دەزانی بەڵام سەرکێشـانە جەنگیان لە دژیان راگەیاندن و سـەرلەنوێ سـوپای عیراقیان پەلکێشی جەنگێکی دۆڕاو کردەوە، سەدام حوسێن درکی بەوە کرد کە لە توانایدا نییە بەرگری بکات و بەهۆیەوە رەنگە هەموو رژێـم زیانمەند بکات بۆیە کەوتە سـازش و قبوڵکردنی برگەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرسـێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی دهۆك، هەروەها بۆ کات کوشتن ئەمەی کرد تا توانای سـەربازییانەی سوپا بە چەك و تەقەمەنیی نوێ بەرز بکاتەوەو هێزە چەکدارەکان وەرسوڕێنێت بۆ سوپایەکی بەعسییانە، وێڕای رێکەوتننامەی ١١ی ئازاریش کەچی کەوتنە پیلان دارشـتن بۆ تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی بەڵام شکسـتیان هێنا، دواتر پیلانێکی نێودەوڵەتییان بە هاوکاریی شای ئێران و ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە لە جەزائیر ئەنجام دا، کە دواتر بە رێکەوتننامەی شـومی جەزائیر ناوی رۆیشـت، ئەو دەوڵەتانە پێکـەوە توانیان زەبرێکی



**پیلانێکی نێودەوڵەتییان بە هاوکاری شای ئێران و ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە لە جەزائیر ئەنجام دا، کە دواتر بە رێکەوتننامەی شوومی جەزائیر ناوی رۆیشت، ئەو دەوڵەتانە پێکەوە توانییان زەبرێکی بەهێز لە شۆڕشی ئەیلول بوەشێنن**

بەهێـز لە شۆڕشـی ئەیلول بوەشـێنن و بـۆ ماوەیەك بزووتنـەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد راوەسـتێنن بەڵام هەر زوو شـۆڕش خۆی نوێ کـردەوە و بە هێزی هەمەجۆرەوە هاتنەوە مەیدان و سـاڵی ١٩٧٦ شۆڕش لە کوردسـتان بەرپا کرانەوە ساڵی ١٩٧٨ یش پاش ئەوەی زەبر ئاراسـتەی شـیوعیەکان کرا ئەوانیش پەیوەندییان بە شۆڕشـی کوردسـتانەوە کرد، ماوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩١ لە لایەن سـوپای عیراقەوە کە هەمووی خرابووە بن دەسـتی سەدام و بەعسـیەکانەوە گەورەترین و خوێناویترین جینۆسـاید دەرهەق بـە گەلی کورد لە مێـژوودا ئەنجام درا، لە هەمـووی خراپتر بەکارهێنانی ئەو سـوپایە بوو بۆ ئەنجامدانی پرۆسـەکانی ئەنفال و جینۆسـایدی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان کە بـە جەنگی لەناوبردنی کۆی گەلی کورد ناودەهێنرا، کە سەدان هەزار هاووڵاتی سـیڤیلی کورد شەهیدو بریندار



**کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان حکومەتی مالیکی و حکومەتی هەرێمەوە بە خێرایی هێزێکیان لە ناو سوپای عیراق بە ناوی سوپای دیجلەوە دامەزراند تا ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی بکەنەوە، ئەگەر ئەمەریکا نەهاتایەتە سەر خەت شتێکی خراپی وا ڕووی دەدا کە هەموو گەلی عیراق پێوەی گرفتار دەبوون**

کران و چەکی کیمیاوی بە چڕی لە دژیان ڕشێنرا، بە هەزاران گوندیان تەختی سەر زەوی کرد، سوپای عیراق ئامڕازی سەرەکی جێبەجێکردنی ئەم قەتڵ و عامە بوو لە بری بەکارهێنانی ڕێگە ئاشتییانەکان، دواتریش سوپا بۆ لەباربردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ جووڵێنراو بەو شێوەیە بە درێژایی زیاتر لە شەست ساڵ ئەم سوپایە وەك داردەستی حکومەتەکان دژ بە لەناوبردنی کورد دەخرایە گەڕو زیاتر لە چارەکە ملیۆنێك هاووڵاتی کوردیان لەناوبرد، چ ئیستفسارێك دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە کورد بوترێت متمانەتان بە سوپای عیراق هەبێت، پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکاوە بە هاوکاریی حزبە ئیسلامیە سیاسیەکانەوە سەرلەنوێ سوپا دامەزرێنرایەوە وەك چۆن ساڵی ١٩٩١ بەریتانیا دایمەزراندبوو،ژمارەی هێزە چەکدارەکانیان گەیاندەوە ملیۆنێك سەربازو ئەفسەر لەسەر بنەڕەتی تایەفەگیری دوور لە نیشتمانخوازی و هاووڵاتیبوون، بۆیە سەربازانی عیراقی لە سەربازگەکانیان سرووتی بە زنجیرلە خۆدان مەشقیان پێ دەکرێت بۆ جەخت کردنەوە لەسەر لایەنگیرییان بۆ حکومەتێکی تایەفەگەر، کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان حکومەتی مالیکی و حکومەتی هەرێمەوە بە خێرایی هێزێکیان لە ناو سوپای عیراق بە ناوی سوپای دیجلەوە دامەزراند تا ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی بکەنەوە، ئەگەر ئەمەریکا نەهاتایەتە سەر خەت شتێکی خراپی وا ڕووی دەدا کە هەموو گەلی عیراق پێوەی گرفتار دەبوون، بارودۆخی ئێستاش داواکارە لە هێزەکانی پێشمەرگە یەکێتی و یەکگرتوویی خۆی لە دەست نەدات و بە یەکڕیزی دەتوانرێت دەستێوەردانی سوپای عیراقی لە کاروباری ناوخۆی هەرێم دوور بخرێتەوە، کەسیش مێژووی خوێناوی سەدەی ڕابردووی بیر نەچۆتەوە.



# ئەردۆگان پاکێجی دیموکراتی ڕاگەیاند بەڵام چاوەڕوانی زیاتری لێدەکرا



دوای راگەیاندنی پاکێجی دیموکراتی لەلایەن رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیاوە، ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە لێدوانێکدا رایگەیاند، ئەوەی ئەمڕۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا رایگەیاند، ئەگەر ١٠ ساڵ لەمەوپێش باس بکرایە، تەنیا لە خەون و خەیاڵ دەچوو، ئۆغلۆ لەم پەیامەدا دەیەوێت ئەوە بەهەموو لایەك بڵێت، ئەوەی ئێستا ئەردۆگان دەتوانێت بیکات یان رایبگەیەنێت ئەوە بەرهەمی ١٠ ساڵی کاری ریفۆرمی حزبی داد و گەشەپێدانە، لەم لایەنەوە ئەگەر قسەکەی داود ئۆغلۆ لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا سەیر بکەین، کە هەتا چەند ساڵێك لەمەبەوبەر ژەنراڵەکان لە پشتی پەردەوە حکومڕانیان دەکرد، ئەوا لەوانەیە چاودێری سیاسی هەق بداتە ئۆغلۆ کە ئەم پاکێجەی ئەردۆگان بە دەسکەوتێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەگەر بەدیوێکی دیکە لە روانگەی ئەو بۆچوونەی سەرکردەکانی حزبی داد و گەشەپێدانەوە ئەم لێدوانە بخوێنینەوە کە ئاماژە بەوەدەکەن لە پێنج یان دەساڵی داهاتوو ببێتە وڵاتێکی گەورەی ئابووری لە جیهان و سۆپەر پاوەرێکی ئیقلمی لەسەر ئاستی ناوچەکە، ئەوا لەم چوارچێوەیەدا دەبوو هەنگاوەکانی حکومەتی داد و گەشەپێدان گەورەتر و خێراتر بوونایە، چونکە ئەو ئومێدەی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئاییندەی تورکیای دەخوازێت، بەهەنگاوی هێواش و بچووك نایەنە دی.

کەواتە هەڵسەنگاندنی راگەیاندنی ئەم پاکێجەی ئەردۆگان، بەو جۆرە خوێندنەوەی بۆ ناکرێت کە بڵێین حکومەتی داد و گەشەپێدان هیچی نەکردووە یان هەنگاوەکانی گرنگ نین، نەخێر لەو چوارچێوەیە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دەبوو ئەم هەنگاوە گرنگانە گەورەتر و خێراتر بونایە، هەر ئەمەش وایکردووە کە کوردی باکور بە دیدێکی رەخنەییانە سەیری ئەم پاکێجە بکەن و هەست بکەن ئەم پاکێجە نەیتوانیوە کورد رازی بکات، سەبارەت بەم لایەنە حەسیب کەپلان پەرلەمانتاری کورد لە پارتی بەدەپە، لەلێدوانێکی تایبەتی سەبارەت بەم لایەنە بە گوڵانی راگەیاند، راستە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دراوە و ئێستا کوشت و کوشتار نەماوە، بەڵام ئەم پاکێجە خواستەکانی کورد هەمووی ناهێنێتە دی، لەمبارەوە بۆ گوڵان گووتی: (ئەگەر بەو جۆرە سەیری بارودۆخەکە بکەین وەك چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بێگومان دوای دەسپێکردنی پرۆسەکە ئەوا نزیکەی ساڵێکە شەڕو پێکدادان نییە و قۆناخی یەکەمی پرۆسەکە کۆتایی هاتووە، بەپێی قۆناخی دووەمیش دەبوو هەنگاوەکانی



**حەسیب کەپلان بۆ گوڵان:**

## خەڵک چاوەڕێی هەنگاوی گەورەی لەم پاکێجە دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەم پاکێجە وەڵامی ئەم چاوەڕوانییەی نەدایەوە

حکومەت بۆ کرانەوە و دیموکراتی دەستی پێ بکردایە، بۆیە خەڵك چاوەڕێی هەنگاوی گەورەی لەم پاکێجە دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەم پاکێجە وەڵامی ئەم چاوەڕوانییەی نەدایەوە، ئەم پاکێجانە ریکلامی زۆری بۆ کرا و زۆر باسکرا، راستە چەند گۆڕانکارییەك بەدی دەکرێت، بەڵام ئەگەر بە ئاستی چاوەڕوانیەکان سەیری بکەین، هەست دەکەین لەو ئاستەدانەبوو، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە نابێت هەندێك شت کە پێشتر قەدەغەکرابوون، ئەمڕۆ ئەم قەدەغەبوونانە هەڵبگیرێن و بڵێن ئەمە هەنگاونانە بەرەو دیموکراتی، لەبەر ئەوەی بۆ پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن دەبێت ئەو ئاستەنگانە هەڵبگیرێن کە لەبەردەم ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان هەن، بۆیە ئەم ئاستەنگانە وەك یاسای دژە تیرۆر و دادگا تایبەتیەکان هیچیان هەڵنەگیراون، سەبارەت بە خوێندنیش بەزمانی دایك، دیسان ئەمەش دەبوو بەتەواوەتی ئازاد بکرایە، لە پاکێجەکە هاتووە ئەگەر پارەت هەیە دەتوانی قوتابخانەیەك بکەیتەوە و قوتابیش ئەگەر پارەی هەبێ دەتوانێ بەزمانی دایك بخوێنێ. مافێکی رەوای ملیۆنەها کوردی هاونیشتمانیمان کە مافی خوێندن بە زمانی دایکە ببەسترێتەوە بە قوتابخانەی تایبەتی بە پارە، کارێکە کە خەڵك نارەزایی لێ دەردەبڕێت و خەڵکی کورد تورە دەکات)).

ئەگەر سەیری قسەکانی ئەم پەرلەمانتارە کوردە بکەین، هەست دەکەین ئەو ئەم پاکێجە رەتناکاتەوە، بەڵکو رەخنەی لێدەگرێت و بەهەنگاوێکی کەمی لە قەڵەم دەدات و چاوەڕێی خەڵکی کورد لە کرانەوەکەی ئەردۆگان زیاتر بووە، بۆیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان کەپلان راشکاوانەتر جەختی خستە سەر پرسەکان و گووتی: (پارتی داد و گەشەپێدان ماوەی ١٠ ساڵە لەناو پەرلەماندا زۆرینەیە، بۆیە دەیتوانی هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرێت و هەموو ئاستەنگەکانی هەڵبگرتایە، بۆیە ئێمە وا سەیر دەکەین ئەم بانگێشانە هەنگاوێك بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بووە بۆئەوەی دەنگ بهێنێتەوە، ئەمەش وایکردووە کورد نیگەران بێت، بەڵام هێشتا ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانە چەند رۆژێکی دیکە دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، بۆیە دەتوانرێت فراوانتر بکرێت، ئێمە لەم پاکێجە قسە لەسەر ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناکەین، باس لە ئازادی میللەتێك و ئازادی زمان و حاڵی میللەتێك دەکەین. ئەگەر ئەو مافانە بۆ خەڵك دەستەبەر بکرێت خۆی لە خۆیدا کێشەکان چارەسەر دەبێت. واتا حکومەت تا ئێستا توانای ئەوەی نییە بڵێ زمانی کوردی. هەر دەڵێ زمان و لەهجەی جیاواز)).

### ئەم پاکێجە سەرەتایە دوایین هەنگاو نییە

رەجەب تەیب ئەردۆگان لە کاتی راگەیاندنی پاکێجەکە ئەوەی دووپاتکردەوە، ئەم پاکێجە دوایین هەنگاو نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك وەزیرانی تورکیا خۆی دانی بەوە ناوە ئەم پاکێجە هەموو ئاستەنگەکانی لانەبردووە و پێویستی بە هەنگاوی دیکەیە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر حوسێن باغچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرە، سەبارەت بەم پاکێجە لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (تورکیا چەند ئاستێکی دیموکراسی بەدەستهێناوە، گومانی تێدانییە کە سیستمی پەرلەمانی تورکیا کاری خۆی دەکات، بۆیە بۆ ئێستای تورکیا ئەم هەنگاوانە گرنگن، پێشتر تورکیا مشتومڕی لەبارەی هەموو ئەم پرسانەوە کردووە و لە دەرئەنجامدا بوون بەم پاکێجە. گومان لەوەشدا نییە کە دەبێت تورکیا بەردەوام بێت لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن. بەڵام ئایا ئەمە خەونە؟ من هاوڕانیم لەگەڵتاندا و من پێموایە ئەمە پرۆسەیەکی ئاساییە کە تورکیا ئەنجامی دەدات. بە دڵنیاییەوە یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی زۆر خۆشحاڵن بەم هەنگاوە، بەڕێز ئەردۆگان کەسێکی پراگماتی و واقیعیە و ناتوانێت وڵاتەکە لە وڵاتێکی دیموکراتیەوە بەرەو وڵاتێکی ئایینی ببات، ئەو چەندین سازشی کردووە، لە پەیوەندیدا بە پرسی حیجابەوە، بە پرسی سوپا و دەسەڵاتی قەزائیەوە. ئەمەش رێگە دەکاتەوە کە چەند ئافرەتێك بە حیجابەوە بچنە پەرلەمانەوە کە پێشتر ئەمە روویندەدا، ئەگەر ئەمە خەون بوایە و ئەگەر ئەمە شتێکی پێشبینی نەکراو بوایە، من تێدەگەم بۆ دەڵێن خەونە، بەڵام کە من دەڵێم خەون نییە لەبەر ئەوەیە ئێمە بەردەوام لەسەر ئەم پرسانە وتووێژمان کردووە، راستە چەند کێشەیەکی راستەقینەی دیاریکراو هەن لە وڵاتەکەدا، ئەمەش هەندێ کەسی نائومێد کرد و بەشێکی کۆمەڵگەشی خۆشحاڵکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکەمین و دوایەمین پاکێج نابێت. پاکێجەکە چەند ئیمتیاز و دەرفەتێکی دیاریکراوی بۆ بەشێکی کۆمەڵگە رەخساند، وەك پۆشینی حیجاب و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتیەکان و چەند پرۆسەیەکی دیکەی بە دیموکراتیکردن-بەلای کەمەوە- لە هەندێ بواردا تورکیا بەرەوپێشەوە دەبات، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە بەس نییە و تورکیا لەسەر رێگای ئەوەیە چاکسازی دیکە ئەنجام بدات، کەواتە ئەم پاکێجی دیموکراسییە باشە، بەڵام بەس نییە)).

### کەمکردنەوەی ڕێژەی ٪١٠ی حزبەکان بۆ چوونە ناو پەرلەمان

خاڵێکـــی دیکە کە لە پاکێجەکەدا ئامـــاژەی پێکراوە، مەسەلەی کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەی ٪١٠ یە کە بەپێی دەستووری تورکیا دیاریکراوە بۆ چوونە ناو پەرلەمانی حزبـــەکان، لەم پاکێجەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەم ڕێژەیە کەمبکرێتـــەوە بۆ ٪٥، ئەمەش بـــە هەنگاوێکی دیکە حســـاب دەکرێت، سەبارەت بە گرنگی ئەم خاڵە حوسێن باغچی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (سەرەتا دەبێت ئەم بەدیلە پێشـــنیارکراوە ڕەزامەندی لەسەر بێت ئیتـــر لە ســـەدا ١٠ بێت یان ٧ یاخـــود ٥، بەڵام هەر خودی ئەم کەمکردنەوەیە خـــۆی هەنگاوێکی گرنگە و دەبێتەهۆی ئـــەوەی حزبی زیاتر بچنە پەرلەمانەوە و ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی حکومەتی هاوپەیمانێتی ببینین لە داهاتـــوودا، بەڵام ناکرێت بڵێیـــن ئەمە ڕەزامەندی لەســـەر دراوە و ڕەنگە ڕێژەی لە ســـەدا ١٠ بمێنێتەوە، واتـــە دەبێت چاوەڕوان بین و ببینین. لەگەڵ ئەوەشـــدا گومانی تێدانییە کە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ خۆی لە خۆیدا گرنگە، ئەمەش دەوەســـتێتە سەر ئەوەی ئایا بەڕێز ئەردغان وەك ســـەرۆك وەزیران دەمێنێتەوە، یاخود بە ســـەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت، هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە لە ساڵی داهاتوودا کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەمکردنەوەی ڕێژەی بەردەم چوونە نێو پەرلەمانەوە هەنگاوێکی باشە.))

### پێش هەڵبژاردن ئەردۆگان ناتوانێت زیندانی سیاسیی ئازاد بکات

وەك تێڕوانین لە ڕوانگەیەکی تورکیاوە و بۆ خوێندنەوەی بایەخی ئەم پاکێجە بۆ کوردی تورکیا، پرۆ فیسۆر حوسێن باغچی وای دەبینێت کە کورد هەقی خۆیەتی لەســـەر ئەم پرســـە نیگەران بێت، لەبەر ئەوەی پرسی سەرەکی بۆ ئەم پاکێجانە مەسەلەی ئازادکردنی باڵاپۆشی بووە نەك پرســـی کورد، لەلایەکی دیکە ئاماژەی بەوە کرد لەم قۆناخە کە پارتی داد و گەشەپێدان بەرەو هەڵبژاردن دەچێت لەوانەیە نەتوانێت هەندێك هەنگاو هەڵبگرێت وەك ئازادکردنی زیندانیە سیاسییەکان، هەروەها ئازادکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلانیش، لەمبارەوە بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو: (کوردەکان نائومێد بوون و چاوەڕوانی ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکانیان بوون، بەڵام ئەو ناتوانێت ئەمە بکات، ناتوانێت پێش هەڵبژاردن ئەم کارە بکات، هەروەها حاڵی حازر ئازادکردنی ئۆجەلان زۆر قورسە، مەبەستم ئەوەیە هیچ کەسێك لە تورکیادا، بە بەڕێز ئەردۆگانیشەوە بوێری ئەوە ناکەن ئەم بڕیارە بدەن و ئۆجەلان لـــە زیندان ئازاد بکەن، ئەمە مومکین نییە و ئەو ناتوانێت ئەم کارە بکات، ئەگەرنا شـــەڕی ناوخۆ دروســـت دەبێت. پێموایە ئەردۆگان کەسێکی پراگماتی و واقیعیە و دەســـت بۆ پرســـێکی گەرمی لەم شێوەیە نابـــات، بە دڵنیاییەوە ئەمە ناکات، هەروەها زۆرێك لەو گیراوانەی کەجەکە ڕزگار ناکرێن، چونکە ئەو پێویستی بە یاسایەکی دیکە دەبێت لەبارەی ئەوەی چۆن گیراوان لە زیندان ئازاد بکرێن...کەواتە ئەم پێشـــبینیە لەلایەن کورد و بەدەپەوە ناواقیعیە و ئەوانیش باش ئەمە دەزانن، من گوڵتان کشـــانکم بینی- کە قسەی دەکرد-، ئەوان خەون دەبینن و واقیعی نین. ئەوەش ڕاســـتە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بایەخ بەم مەســـەلەیە دەدەن، بەڵام ئەم وڵاتانە تورکیـــا بەڕێوە نابـــەن و ئەوە ئەردۆگانـــە کە تورکیا بەڕێوەدەبـــات و ئێمەش دەزانین ئـــەو گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلاندا دەکات. تەنانەت کاتێك ســـەرۆکی تورکیاش قسەی کرد، لە هیچ شوێنێکی قسەکانیدا ئاماژەی بە ئازادکردنی ئۆجەلان بە شێوەیەك لە شێوەکان نەکرد. لەبەر ئەوە کۆدەنگیەك هەیە لە نێو سەرکردەکانی ئاك پارتیدا کە پێویستە ئۆجەلان لە زینداندا بمێنێتەوە...بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کوردەکان نائومێدبوون، من باسم لەم پرسە کرد لە بەرنامەی «inside story» کەناڵی جەزیرە، من لەوە تێدەگەم کوردەکان نائومێدبوونە، بەڵام پێشـــبینی کوردەکانیش زۆر بەرزە، و حاڵی حازر ئەمریکا کێشەی خـــۆی هەیە و ئەورووپاش دوچـــاری دژواری بۆتەوە و فشـــارێکی بەهێز نییە لەسەر حکومەتەکەی تورکیا بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان. بارودۆخەکە وەك پێنج یان دە ساڵ پێش ئێستا نییە و ئەوان کێشەی خۆیان هەیە و تورکیاش پێگەیەکی بەهێزتـــری هەیە، لەبەر ئەوە من لەم ڕووەوە لە نائومێدبوونی کورد تێدەگەم، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەبێت کورد خۆشـــحاڵ بێت بەم چاکسازیە کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانەوە و دەبێت ئەو ڕاستیەشمان لە یاد بێت کە هێشـــتا زۆرێك لە کوردەکانی تورکیا دەنگ بە ئاك پارتی دەدەن، نەك بە بەدەپە، ڕەنگە کەمکردنەوەی ڕێژەی چوونە نێو پەرلەمان بۆ لە سەدا ٥ هاوکاربێت بۆ ئەوەی بەدەپە بچێتە پەرلەمانەوە، ڕاستە ڕێژەی لە سەدا ١٠ ڕێژەیەکی بەرزە، بەڵام ئەگەر کوردەکان ٢٥ ملیۆن کەس بن لە تورکیا، بۆچی ناتوانن ڕێژەی لە سەدا ١٠ بێنن و بچنە پەرلەمانەوە، ئەمە وەك پرســـیارێکی کراوە دەمێنێتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا کوردەکان لە نێو خۆیاندا دابەشبوونە و بۆچوونێکی یەکگرتویان نییە لە تورکیادا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا کێشەی کورد وەك کێشـــەیەکی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە و وەك کێشەیەکی بەردەم حکومەتەکەی ئاك پارتی و هەر حکومەتێکی دوای ئاك پارتی دەمێنێتەوە)).



**حوسێن باغچی بۆ گوڵان:**
**تورکیا لەسەر ڕێگای ئەوەیە چاکسازی دیکە ئەنجام بدات، کەواتە ئەم پاکێجی دیموکراسیە باشە، بەڵام بەس نییە**

# پاکێجی بەدیموکراتیزەکردنی تورکیا

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



دواجار خودی سەرۆك وەزیران خۆی «پاکێجی بە دیموکراتیزەکردن»ی ڕاگەیاند. هەروەك پێشبینی دەکرا، پەرداخەکە بە پڕی لەلایەن گرووپە بەرهەڵستکارەکانەوە بینرا، بەڵام بەلای ئەو کەسانەوەی کە داوای زیاتریان دەکرد پەرداخەکە بەتاڵە.

ئەو ڕاستیەی کە پێشەکیەکەی نزیکەی دوو هێندەی ناوەڕۆکی گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان بوو، ئاماژەیە بەو سنووربەندیانەی سەرۆك وەزیران و پارتەکەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەو ناچار بوو شەرعیەت بدات بە گۆڕانکاریەکە کە لەگەڵ پاکێجەکەدا خرایەڕوو، ئەویش بە تێپەڕبوون بە بەرهەڵستیکردنی دەنگدەران و خودی تێگەیشتنی خۆی بۆ دیموکراسیەتێکی کامڵ.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە سێ هەڵبژاردن (شارەوانی، سەرۆکایەتی و گشتی- پەرلەمانی) لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت و حکومەتەکەی ئاك پارتیش دەیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و پێشینەیەکی- سابقەیەکی- مێژوویە تۆماربکات.

بەڕێز ئەردۆغان جەختی لەسەر دوو خاڵ کردەوە کە پەیوەستن بە سنووربەندیەکانی بەردەم پاکێجەکەوە.

١. «تۆ ناتوانیت ئەجێندایەکی یەکگرتوو یاخود — لە پێوەندیدا بەو مەسەلەیەوە- ئەجێندایەکی لیبراڵی بسەپێنێت کە دوورتر بڕوات لەو سنوورەی خەڵکی قبوڵی دەکات. ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ خەڵکەکەی خۆماندا دیموکراسی- بە شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە-بنیات بنێین.»

٢. «لەگەڵ هیچ پارت و ناوەندێکدا گفتوگۆ لەبارەی ئەم پاکێجەوە نەکراوە». واتە بەرهەمێکی ڕاستەقینەی خودی ئاك پارتی خۆیەتی.

خاڵی دووەم بە ئامانجی لەباربردنی هەر بانگەشەیەك وروژێنرا لەلایەن موعارەزەوە بەوەی تەواوی پاکێجەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنەیە کە لە نێوان حکومەت و پەکەکەدا هاتۆتەئاراوە. هەرچۆنێك بێت، هۆکاری سەرەکی هەوڵنەدانی حکومەت بۆ هێنانەدی کۆدەنگیەکی بەرفراوانتر بەم شێوەیە شەرحکرا: تەنانەت ئەو دەستوورەی پێشبینیەکی بەربڵاوی لێدەکرا ناتوانرێت لەلایەن لیژنە پەرلەمانیەکەوە-کە لە پارتەکان پێکهێناوە- ئامادەبکرێت. هێشتا پرسەو مەسەلەکانی وەك خوێندن بە زمانی دایك کە پێش مەرجێکە بۆ مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان و لەلایەن سەرجەم ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانەوە زەمانەت کراوە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بەرهەڵستی لێدەکرێت. لەبەرئەوە دەبێت هەنگاوەکانی چاکسازی بە وریاییەوە هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانیان لێ بکرێت. لەوەش زیاتر، نابێت ببنە مەترسی لەسەر

سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا.
لە ڕوانگەی سیاسەتی واقیعیەوە ئەمە مایەی تێگەیشتنە. بە دڵنیاییەوە، ئەو بەڵگەیەی بەرپەرچی ئەم بۆچوونە دەداتەوە ئەوەیە کە ناکرێت ماف و ئازادیەکان و هەروەها دیموکراسیش پارچە پارچە بکرێن یان سازشیان لەسەر بکرێت. بەڵام سیاسەتیش هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی مومکینە. خەڵکی تورکیا ترسێنراون، چەواشەکراون و دوچاری گومان کراون لەبارەی سروشتی کۆمەڵگەکەیان و لەبارەی ئەوەی چۆن گرتنەبەری سیاسەتێك لەسەر بنەمای فرەیی و ڕاوێژو بەشداری کردن دەبێتەهۆی لەناوبردنی یەکێتی و تەبایی نەتەوەکەیان. کەواتە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ترسە دروستکراوە کاتی دەوێت و پێوەندی بە واقیعی وڵاتەکە و ڕۆحی ڕۆژگارەکەوە هەیە.
پەرداخەکە پڕ بێت یان بەتاڵ، ئەوا پاکێجەکە دوو شت لە خۆدەگرێت کە دەتوانیت خۆشحاڵ بیت لەبارەیانەوە. یەکەمیان ئەو ڕۆح و ئەو ستانداردەیە کە- ئەم پاکێجە- دەیەوێت بەدەستی بهێنێت. ئەم ڕستەیەی خوارەوە لە خیتابەکەی ئەردۆغاندا ئاماژەیە بە ئامانجە گەوهەریەکەی دەستپێشخەری چاکسازی: «لە ئێستادا دەوڵەتێك نییە لە تورکیادا کە ناسنامەیەکی (ڕەسمی) بسەپێنێت، کە پێناسەی «هاووڵاتی پلە یەك» بکات، دەست وەربداتە ئەسڵی ئیتنی و بیروباوەڕو جیهانبینیی هاووڵاتیانەوە. چیتر دەوڵەتێك لە ئارادا نییە کە گوێی خۆی لە ئاست پێداویستی و ئێش و ئازارەکانیاندا بخەوێنێت و نکۆڵی لە داواکارییەکانیان بکات. چیتر دەوڵەتێك لە ئارادا نییە کە فەزای گشتی بگۆڕێت بۆ دۆزەخێکی خۆسەپاندن بۆ ئەو کەسانەی ناگونجێن لەگەڵ ناسنامە ڕەسمیەکەدا کە پەیوەستە بەو-هاووڵاتیە پلە یەکەی- کە پێناسەی دەکات.»
واو! ئایا ئێمە بۆ چەندین دەیە خەباتمان بۆ ئەم ئامانجە نەکرد؟ گرنگ نییە چەند نزیك بووینەتەوە لەم قۆناغەوە. بەڵام ڕونە کە هێشتا چەندەها ساڵ دورین لەهێنانەدی ئەم دەوڵەتە میسالیەوە.
بەڵام ئاماژە پێکردنی وەك بەڵێنێك لە بەردەم خەڵکدا لەلایەن دەسەڵاتدارترین کەسایەتی وڵاتەکەوە، بە هەنگاوێکی مەزن دەژمێردرێت بۆ پێشەوە. لەبەر ئەوە من شەخسی خۆم پشتیوانی ئەو ئامانج و ئایدیاڵانە دەکەم کە لە پاکێجەکەدا هاتوون. چونکە چوارچێوەیەك فەراهەم دەکەن تێیدا ڕەنگ و کەسایەتی و نەخشەیەکی درێژخایەنی تێدا دەردەکەون. بەڵام کێشەکە بریتیە لە چوارچێوە زەمەنیەکە کاتێك بەڵێنەکان دەبنە سیاسەت.
ئەوانەی دیکە هەنگاوگەلێکی بە حەزەرن کە موعارەزەیەکی زۆر لە نێو خەڵکدا ناوروژێنن. یەکێکیان بریتیە لە خوێندن بە زمانی دایك لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا. ئێمەی دیموکراتخوازەکان پێمان وایە ئەمە زۆر کەمەو زۆر درەنگە. بەڵام درەنگ یان زوو خەڵکی پرسیار دەکەن» تاکەی هاووڵاتییە تورکەکان خزمەتگوزاری خۆڕاییان بۆ دەستەبەر دەکرێت بۆ فێربوونی زمانەکەیان، بەڵام مناڵە کوردەکان دەبێت لە بەرامبەر هەمان خزمەتگوزاریدا پارە بدەن. ئەمەش کارێکی نادەستووریە لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانێك کە پێگەی یەکسانیان هەیە دەگۆڕێن بۆ کەمینە.» باوەڕم وایە ئەم مشتو مڕە درێژەنەکێشێت و هەموارکردن لەم هەنگاوە پڕ لە دوودڵییەدا دەکرێت بۆ نەهێشتنی ئەم جیاکارییە.
دەتوانین هەست بەوە بکەین کە ئەمە هەنگاوێکی ڕاستە بۆ پێشەوە، ئەگەرچی هەنگاوێکە بە حەزەرەوە هەڵگیراوە، دەڵێم هەنگاوێکی ڕاست و دروستە لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی خەسڵەتی هەژموونگەرایی و پاسەوان ئاسای دەوڵەت و بەڵێندان بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بۆ ئامرازێکی خزمەتکردن و بەس. دەتوانین هەرشتێك بڵێین لە دژی ئەم لێدوانە ئایدیالیستیانە کە ئێمە بۆ چەندین دەیە چاوەڕێی بیستنیان بووین؟
لە ڕاستیدا یەکەم شت کە دەبێت لەبارەی ئەم پاکێجەوە بووترێت ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی بۆ چەندین دەیە موناقەشەکراوەو ئێستاش حکومەت قەرزی خەڵك دەداتەوە کە تا ئێستا ماف و ئازادییەکانیان زەوت کراوە.ئەمە جۆرێکە لە داوای لێبوردن، هێندەی ئەوەی قەرەبووکردنەوەیەکی کەمە.
مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئەو بەشەی پاکێجەکە کە خراوەتەگەڕ بە ڕاستی خزمەت بەو بەشەی سەرەتا دەکات کە دەکرێت پێی بوترێت «ئاشکراکردنی نیازەکان»؟
لێگەڕێن ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:
١. ئاوێتەکردنی کوردەکان. لە کۆتاییدا زمانی کوردی (ئەگەرچی بە ڕاشکاوی ناوی نەهاتووە) وەك یەکێك لە زمانە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە ئیعتیرافی پێکرا. لە کۆتاییدا زمانی کوردی دەبێتە زمانی خوێندن لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا.
پروپاگەندەی سیاسی لە نێو کوردەکاندا بە یاسایی کراوە. قەدەغەکردنی ناعەقڵانی لەسەر بەکارهێنانی پیتەکانی (x،w،q) هەڵگیرا. ئەو پیتە ئازادکراوانەی لە ئەلفبای لاتینیدا سڕدرانەوە، ئەو ئەلفبایەی کە لە ساڵی ١٩٢٨دا تەبەنی کرا لە دوای ئەوەی دەست لە پیادەکردنی ئەلفبای عەرەبی هەڵگیرا. «ناسیۆنالیزمی ئەلفبائی» کە لەسەر ئەلفبای بیانی بنیاتنراوە کۆتایی دێت، دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ زۆرێك لە تاکەکەس و دامەزراوەکان سزا دەدران.

**ئەوانەی بەرهەڵستی ئەم پاکێجە دەکەن ئەم پرسیارەیان کرد «بەڵێ بۆ دیموکراسی، بەڵام ئایا مەرجدار و سنووردار دەکرێت بە زەرورەت و مومکینەوە.»**

**لە کۆتاییدا زمانی کوردی (ئەگەرچی بە ڕاشکاوی ناوی نەهاتووە) وەک یەکێک لە زمانە ناوخۆییەکانی وڵاتەکە ئیعتیرافی پێکرا. لە کۆتاییدا زمانی کوردی دەبێتە زمانی خوێندن لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا**



**هاووڵاتییه تورکەکان خزمەتگوزاری خۆراییان بۆ دەستەبەر دەکرێت بۆ فێربوونی زمانەکەیان، بەڵام منداڵە کوردەکان دەبێت لە بەرامبەر هەمان خزمەتگوزاریدا پارە بدەن. ئەمەش کارێکی نادەستووریە لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانێک کە پێگەی یەکسانیان هەیە دەگۆڕێن بۆ کەمینە**

ئەو گوندانەی ناوەکانیان گۆڕا(بە تورکی کران) ناوە ئەسڵیەکەی خۆیان بۆ دەگەڕێتەوە. دەبێت شارۆچکەو شارەکانیش چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی بە یاسایی ناوەکان بگۆڕدرێن.

هەموو ئەمانە دەستکەوتی ئیجابین و پێویست بە سەوداو سازش ناکات بۆ بەدیهێنانیان. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو تێڕوانینەیە کە حکومەت دەیەوێت دروستی بکات.»هەموو ئەمانە کارو بەرهەمی خۆمانن، ئێوە هیچ شتێك قەرزاری هیچ کەسێك نین.»بەڵام ئەو کاتە مەحاڵە هەست بە هیچ حەزەرێك بکەین لەو هەنگاوانەی هەڵگیراون. بۆ نموونە، مەنهەجی کوردی تەنیا لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا دەخوێنرێن. ئەمە وا دەکات کوردەکان لە پێگەی کەمینەدا بن، نەك لە پێگەی هاووڵاتیەکی خاوەن مافدا.

٢. عەلەوییەکان بە یەکجاری لە پاکێجەکەدا سڕاونەتەوە. دەکرێت خەباتی ناتوندوتیژو درێژخایەنیان لە سێ داواکاریدا چڕبکرێتەوە:

أ) ئیعتیرافکردن بەو ماڵانەی تێیدا کۆدەبنەوە(جەمەفی) وەك مەزارگە.

ب) کۆتایی هێنان بە خوێندنی ئایینی زۆرەملێ لە قوتابخانە ناوەندییەکان کە پێشێلکارییەکی زەقی خەسڵەتی عەلمانی بوونی دەوڵەتە( جێهشتنی خوێندنی ئایینی بۆ گرووپە ئاینیەکان).

ج) جیاکارییان لە دژ نەکرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی سوننە نین (کە- سوننە- مەزهەبی ڕەسمی ئیعیترافپێکراوی دەوڵەت و بناغەی جیهانبینی ئاك پارتیە).

ئەم سێ داواکارییە/ چاوەڕوانییە نەك تەنیا دەبێتەهۆی کۆتایی هێنان بە چەندین سەدەی ستەم کە ڕووبەڕووی عەلەویەکان بۆتەوە، بەڵکو ستانداردی مافەکانی مرۆڤ و ستانداردە دیموکراتیەکانی حکومەتیش دەباتە ئاستێکە بەرزترەوە.

جگە لە گەڕاندنەوەی موڵکە زەوتکراوەکانی ئاشوورییەکان(کە مەزهەبێکی مەسیحی کۆنە) هیچ ئاماژەیەك بە مەسیحیەکان نەدراوە کە لە ژێر چاودێریدا بوونە وەك ئەسپی تەڕوادە لە نێو وڵاتێکی موسڵماندا کە زۆرینە تێیدا تورکە. ئایا گومانی بەردەوام لە ناموسڵمانەکان هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی ڕێگە نەدراوە دەرگای قوتابخانەی ئاینی ئۆرسۆدۆکسی لە دورگەی هەیبەلی لە ئەستەنبول بکرێتەوە؟

٣. یاسای دژەتیرۆر سنوورەکانی تاوانبارکردنی بەرفراوانتر کردووە، کە زۆربەی خۆپیشاندان و کارەکانی پەیوەست بە داواکردنی عەدالەتەوە پەیوەست دەکرایەوە بە



تیرۆرەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم کارانە گرێدراونەتەوە بە پروپاگەندە یان هاوکاریکردنی تیرۆریستانەوە. هیچ بەرەوپێش چوونێکیش لەم ڕووەوە ڕووینەداوەو بە هەزاران گومانلێکراو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە زیندانەکاندا بە بێ دادگاییکردن ماونەتەوە.

٤. سزادانی تاوانەکانی پەیوەست بە ڕق و قینەوە هەنگاوێکی باشە. سوکایەتیکردن بە کەسێك بەهۆی ئەسڵە ئیتنی، ڕەچەڵەك، بیروباوەڕ و ڕەگەزەوە سزای جددی بەدوا دێت. لەوەش زیاتر، پاکێجەکە داوای ڕێزگرتن لە «شێوازەکانی ژیان» دەکات. ئەگەر کەسێك بەهۆی ڕەفتارەکانیەوە- کە لە بیروباوەڕەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە- دوچاری ئازاردان ببێتەوە، ئەوا ئەم کارە ڕووبەڕووی سزادان دەبێتەوە.

چەندەها پرەنسیپی ئیجابی هەن کە بەردەوام لەلایەن ئەم دامەزراوەیەوە پێشێلکراوە. ئایا بە ڕاستی ئێمە زاڵ بووین بەسەر لایەنگیریەکانماندا کە ئێستا بوونەتە ڕێبەری دەزگای بیرۆکراسی و قەزائی؟ گۆڕانکارییە یاساییەکان دەستبەجێ نابنەهۆی گۆڕینی ڕەفتاری- دامەزراوەکان-. زۆرێك لە ماف و ئازادییەکان لە یاساکانی ئێمە چەسپێنراون. ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیە ئیمزاکراوەکان پابەندمان دەکەن بە ستاندارده یاساییە نێودەوڵەتیەکانەوە. بەڵام ڕەفتارەکان بەو شێوەیە بوون کە وڵاتێکی خاوەن دەسەڵاتی خۆسەپێن خۆی لەگەڵ ئەم ستاندارده باڵایانەدا نەگونجاندووە.

ئایا حکومەت زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە دەکات؟ بناغەی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەو ئازادییانەی بەم دواییە ئیعیترافیان پێکرا، بوونە ئازادی گەلێکی مەرجدار. بۆ نموونە، خۆپیشاندانە گشتیەکان لەلایەن بەرپرسێکی حکومەتەوە بە دواداچوونی بۆ ناکرێت. بەڵکو دەبێت لەلایەن دەستەیەکی ڕەسمیەوە مۆڵەتی پێبدرێت کە دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بیەوێت کۆتایی پێبهێنێت. ناوی گوندەکان دەگۆڕدرێن بۆ ناوە ئەسڵیەکانیان تەنیا دوای ئەوەی لەلایەن بەرپرسە مەحەلیەکەوە مۆڵەتی پێدەدرێت. ناوی شار و شارۆچکەکانیش لە چاوەڕوانی گۆڕانکاری یاساییدان کەلەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە کە زۆرینەی هەیە لە پەرلەماندا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

ئەوانەی بەرهەڵستی ئەم پاکێجە دەکەن ئەم پرسیارەیان کرد «بەڵێ بۆ دیموکراسی، بەڵام ئایا مەرجدار و سنووردار دەکرێت بە زەرورەت و مومکینەوە.»دەبێت وەڵامێکی جێی باوەڕپێکردن بۆ ئەم لێدوانە بدۆزینەوە.

**جگە لە گەڕاندنەوەی موڵکە زەوتکراوەکانی ئاشوورییەکان(کە مەزهەبێکی مەسیحی کۆنە) هیچ ئاماژەیەک بە مەسیحیەکان نەدراوە کە لە ژێر چاودێریدا بوون وەک ئەسپی تەڕوادە لە نێو وڵاتێکی موسڵماندا کە زۆرینە تێیدا تورکە**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# پێنگاوێک بەرەو دیموکراسی


سەردار موسی شەریف

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی زۆرێـــك لە ناوەندە سیاســـییەکان، و بە تایبەتی کورد چاوەڕەوانی بوون، لە لایەن ســـەرۆکی حکومەتی تورکیاوە کەوتە بەردەستی رای گشتی. خۆی لە خۆیدا، شـــتێکی تازەی وەها لە نێوان رســـتەکانی ئەم پاکێجەدا بەرچاو ناکەوێت، کە بڵێت لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردووی ژیانی سیاســـی تورکیاو بە تایبەتیش لـــە ماوەی ئەم ١١ ســـاڵەی ئاکەپە باسی لێوە نەکرابێت. ئەوەی کراوە، هەمووی کۆکراونەتەوەو بە ناوی «پاکێجی دیموکراسی و کرانەوە» ئامادە کراوە بۆ دانوســـتاندن و سەر لە نوێ بە یاســـایی کردنی ئەو بابەتانەی ئاماژە پێکراون. پاکێجی پێشکەشکراوی بەشێکە لە ستراتیژی داڕێژراوی ئاکەپە بۆ پێکان تا ســـاڵی ٢٠٢٣، کە لە ٦٣ مادە پێكهێنراوە و لە کۆنگرەی ئاکەپە پەسەند کرا.

ئەردۆگان لە پەیامەکە، ١٦ جار تەمەنی «١١ ســـاڵ» حکومەتـــی خۆی بە بیری خەڵکی هێنـــاوە. لە هەمان کاتیش٤ جار «١١ ســـاڵی» بەکار هێناوە، بە تێکراوی دەکاتە ٢٠ جار. لە مێژووی سیاسی تورکیا، کەسێك بە قـــەد ئەردوگان پەیدا نەبۆتـــەوە، کە لە رووی وتاربێژی سیاســـی و کاریزماتیکی، ئەوەندە خاوەن کاریگەری بێت لەســـەر خەڵکی. ئەردۆگان، بە شـــێوەیەك لە شێوەکان سوســـیۆلۆژیای تونێی بوونی هاووڵاتیانی خۆی باش دەزانێت و بۆیەش ئومێدێکی زۆری هەیە بۆ سەرکەوتن، لە رۆژنامـــەی تایمز ئاماژەی پێـــداوە «عیلمانییەت پەردەپۆش بکرێت»و لە ســـەدەی ٢١ەم دا ئیســـلامی دیموکراتی شوێن پێی سیســـتمی ٩٠ ساڵەی عیلمانی دیکتاتۆریـــی تورکیا بگرێتەوە. ئـــەردۆگان بە ئاماژە پێکردن درکی بە بوونی «ئاستەنگ و بەربەستەکان»ی کرد، هەتـــا گەیشـــتونەتە ئەمرۆ، واتە ئاســـتەنگ و بەربەستەکان هەرچ بن، لەوانە داخستن، تەهدید، تیرۆری دژی حزبەکەی و تاد، لە بەرامبەر هێزە ئیسلامییەکان، ئاماژەشی پێ دەکات، ئەوان کۆڵیان نەداو «بەرخودان» یان بۆ ســـەرکەوتنی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی ریفۆرمەکان ئامانجەکانی خۆیان بپێکێن.

بە ئاماژە پێکردن بە ٢٧ مایس، وەکو لاپەڕەیەکی رەش لە مێژووی سیاســـی دەوڵەتی تورکیا، گەورەترین بەربەست لە بە دیموکراســـی بوونی تورکیا وێنا دەکرێت، رێك بە پێچەوانەوە، ئەم پێنگاوەی ئەردۆگان و ئاکەپە بەسەر لە نوێ نووســـینی قۆناخێکی مێژوویی تازەیە بۆ تورکیا، کە چیتر بەربەســـتەکان لە بەرامبەر هاووڵاتی و حزبە سیاســـییەکان نەمێنێت. ئەویش لە پێنـــاو گرتنەبەری بەهێزکردنی پێگەی دیموکراسی،کە دەرفەت بۆ هاووڵاتی و لایەنەکان برەخســـێنێت خواســـت و ویستەکانی خۆیان بخەنە بەر دەست ، وەکو «موخاتیب» بێتە وەرگرتن.

ئەردوگان بە ئاماژە پێکردن بە مێژووی بونیاتنانی تورکیای تا گەیشتن بە قۆناغی ئێستا بێ مەبەست ئەم وێنە مێژووییە بۆ هاوولاتی وێنا ناکات، ئەو لەم روویەوە دەیەوێت زەمینەیەك دروست بکات بۆ داخوازییەکانی ماف و ئازادی، بە پێداگیری کردن لەسەر، کەشوهەوایەکی سیاسی و ئاواکردن و رەخساندنی کەلتورێك بە شێوەی دیموکراسی، بۆ رووخانی وێنەی عیلمانییەت لە تورکیا، و بەهێز کردنی پێگەی پرۆژەی سیاسی ئیسلامی دیموکراتی. بە تایبەتی بە بوونی ویستی گۆڕانکاری کردن بە سەر یاسای پارتە سیاسییەکان، بە گشتی پێنگاوێکی گرینگە بۆ پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیا. ئەگەر بەراوردێك بکرێت لە نێوان «دیموکراتی» و «دین»، لە ژێر ناوی دیموکراسی، کورد بە شێوەیەك دێتە چەوساندن، بەڵام رێگر نییە لەوەی کورد مومارسەی مافەکانی خۆی بکات و بنەماکەی نەتەوەی بەهێز ئاوەدان بکات و لەم رێگەیەوە داخوازی مافەکانی خۆی بدات. لە لایەکی دیکەوە، لە ژێر چەتری «دین» کە هەمووەمان موسڵمانین، دەرفەتی ئەوە بۆ کورد نەڕەخساوە کە ئاماژە بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات، واتە ئاوێتەبوونی کورد. ئەوەی مەترسی دەکرێت، رێك بەرداشتی دووەمە کە مەترسی هەیە بۆ سەر کورد لە مەودایەکی درێژ خایەن لە ژێر پرۆسەی ئیسلامی دیموکراسی کە ئەردۆگان بە ناوی پاکێجی کرانەوە پێشکێشی دەکات.

هەر چەندە ئەوەی کورد ویستی، بەدی نەهات، بەڵام لە زۆر لایەوە دەکرێت ئەمە لە بەرژەوەندی کوردەوە لێکبدرێتەوە. واتە روانگەی کورد بەرداشتێکی پۆزەتیڤی بۆ ئەم کرانەوەیە هەبێت. راستە مافەکانی کورد بەو شێوەیە کە کورد دەیەوێت. ئەمە دەکرێت ببێتە بەرداشتێکی کورد، کە وەکو پاکێجێکی خاوەن (cosmetic changes) ناوزەد بکرێت، بە تایبەتی هیچ ئاماژەیەك بە کورد نەکراوە، کە رەچاوی دەکراو یەکێکە لە گەورەترین سیستمی دیموکراسی ٩٠ ساڵەی تورکیا، کە ئەردۆگان دەیەوێت کۆتایی پێکبهێنێت. ئەمەمان لە بیر نەچێت، لە روانگەی ئاکەپەو ئەردوگان، لە تورکیا لە ژێر ناوی علمانییەت ٩٠ ساڵە مافی موسڵمانان پێشێلکراوە، بە تایبەتی لە رووی دامەزراندن و پراکتیزەکردنی مافەکان بە تایبەتی ژنانی لەچك بە سەر. ئەم پاکێجە دەتوانرێت بە پاکێجێکی کرانەوە بە رووی لەچکردن ناوزەدبکرێت تا بە پاکێجێکی ئاشتی و چاەسەرکردنی کێشەی کورد لە روانگەیەکی کوردەوە. بە دیموکراتیزە بوونی تورکیا رێگە خوشکەر دەبێت لە قۆناخەکانی داهاتوو بتوانن بە سوود وەرگرتن لە فاکتەرە دیموکراتییەکان کومەڵێك لەو داخوازی یانە بە دەست بێنێت. بە تایبەتی سیستمی هەڵبژاردن بۆ کورد پاڵنەرێکی بەهێزە، کە پارتی و رێکخراوەکانی سیاسی کوردی بیر لە سەر لە نوێ رێکخستنی خۆیان بکەنەوە، بۆ بەشدار بوون لە پارلەمانی تورکیا. پێشکێش کردنی ئەم پاکێجە لەم کاتەدا، دەکرێت خوێندنەوەیەك بێت بۆ رزگار کردن و پاراستنی تورکیا لە هاوکێشە ئیقلیمیەکان.

لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی بۆ ئەردۆگان گرینگە، پێکاندنی ستانداردەکانی سیستمی سیاسی ئەوروپایە لە رووی دیموکراسییەوە، کە تا رادەیەکی باش دەتوانێت ئەوروپا رازی بکات، کە ئەویش بۆتە بەربەست سەبارەت بە ئەندام بوونی تورکیا. بەڵام راستییەك هەیە، رێگای تورکیا بۆ ئەوروپا کێشەدارە و بە ئاسانی نییە. سەرکردایەتی سیاسی تورکیا توانای ئەوەیان نییە راستەوخۆ ئەمە بۆ هاوولاتیان بدرکێنن، ئەویش موسلمان بوونی تورکیا و رێژەی زۆری دانیشتووانی تورکیایە. بە ئەندام بوونی تورکیا لە ئەوروپا، هەژموونی فەرەنسا، ئاڵمانیا تووشی گۆڕان دەبێت و ئەم دوو وڵاتەش گەورەترین بەربەستن، بە تایبەتی ئاڵمانیا، کە ئاماژە دەکات، یەکێتی ئەوروپا پرۆژەیەکی کریستانییەو گرووپی وڵاتانی کریستیانە.

لە کوتاییدا پێویستە ئەمە بێتە راگەیاندن، پاکێجی دیموکراسی ئەوەندەی پاکێجی چاوەڕوانکراوی نەخشە رێگای چارەسەری کورد بێت، پاکێجێکە، پارتی دادو گەشەپێدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە تورکیا دایڕشتۆتەوە. ئەم پاکێجە کێشەی کوردی خستۆتەوە چوارچێوەی بە دیموکراسی کردنی سیستمی سیاسی و یاسایی تورکیا بۆ ئەم قۆناخە. بۆیە، پشتگیری کورد لەم پاکێجە لە کاتی ئێستاو هەوڵدان بۆ دەربازکردنی لە پرۆسەی پارلەمانی، زەمینەی خەباتی سیاسی و کومەڵایەتی بەهێزتر بۆ کورد دێتە ئارا، کە دەبێت کورد لەبەر چاوبگرێت. بە دیموکراسی بوونی تورکیا، دەرگاکان دەکرێنەوە و کاریگەری لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێت. لەم روویەشەوە، پێویستیشە گۆڕانکارییەکانی سوریا لەبەرچاو بێنەگرتن و چاودێری بێتەکردن. لە ئەگەری گوشاری زۆر بۆ سەر ئەردوگان و پەیدابوونی کەشوهەوای نارەزایەتی لە تورکیا، ئەگەری زۆر گەورە هەیە هێزەکاني نەتەوەپەرستان لەگەڵ هێزی لەشکەری تورکیا بە کودەتایەکی سپی دیکە بێنە سەر دەسەڵات، هەموو ئەو هەوڵانەی لە ئێستادا لە ئارادان بەرەو پاشەوە بڕۆن.

*** توێژەری دکتۆراو مامۆستای زانکۆی دهۆك**

**پاکێجی دیموکراسی ئەوەندەی پاکێجی چاوەڕوانکراوی نەخشە رێگای چارەسەری کورد بێت، پاکێجێکە، پارتی دادو گەشەپێدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە تورکیا دایڕشتۆتەوە**

**ئەم پێنگاوەی ئەردۆگان و ئاکەپە بەسەر لە نوێ نووسینی قۆناخێکی مێژوویی تازەیە بۆ تورکیا، کە چیتر بەربەستەکان لە بەرامبەر هاوولاتی و حزبە سیاسییەکان نەمێنێت. ئەویش لە پێناو گرتنەبەری بەهێزکردنی پێگەی دیموکراسی**

## ستیفن نیل ماکفارلان بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا بڕیار دژی ئەسەد دەربکات



**پرۆفیسۆر ستیفن نیل ماکفارلان ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا و تایبەتمەندە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سوریا و خاوبوونەوەی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ رووخانی رژێمی ئەسەد، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفسیۆر ماکفارلان کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بەهۆی خاوبوونەوەی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێدەچێت رژێمی ئەسەد گورزی سەربازی لێ دوور کەوتبێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەمانای ئەوە دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت هیچ شتێك بکات لە ئاست سوریادا؟**

- پێموایە هێشتا زووە ئەوە بڵێین، ئەو دابەشبوونەی کە هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا دەستێوەردان بکرێت لە سوریادا یان نا، مەسەلەیەك نییە تەنیا پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێت، بەڵکو لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا دەبێت حکومەت بایەخ بە رای گشتی بدات، رای گشتیش لە بەریتانیا و ئەمریکا سلبیە لە ئاست دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا. هەروەها کاتێك دەستێوەردان دەکەیت دەبێت پرسیاری ئەوە بکەیت ئایا ئەگەرەکانی سەرکەوتن چین، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئامانجەکانت چین، ئەگەر ئامانجەکە لە ناوبردنی چەکی کیمیایی بێت، ئەوا رەنگە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەگەر ئامانجەکە گۆڕینی رژێمەکە بێت، ئەوا پشێوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە حاڵی حازر سیاسەتی ناوخۆیی سوریا لە پشێویدایە و ئەم پشێویەش بەهۆی دەستێوەردانەوە نارەوێتەوە.

*** نیگەرانیەکە ئەوەیە تەنیا تەرکیز لەسەر چەکی کیمیایی دەکرێت، لە کاتێکدا نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس بە چەکی تەقلیدی کوژراون و بە سەدان هەزاریش ئاوارە بوونە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات و کارەکانی رژێمی دیکتاتۆریی راگرێت؟**

- زۆر باس لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرێت، بەڵام من دەڵێم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوونی نییە، بڕیاری یاسایی بۆ دەستێوەردان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەردەکرێت و لە ئەنجوومەنی ئاسایشیشدا روسیا و چین مافی ڤیتۆیان هەیە و رایانگەیاندووە کە بەکاری دەهێنن، کەواتە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەستێوەردانی شەرعی بوونی نابێت.. بەڵام ئەگەر لە ئاستی تاکەکەسی قسە بکەین، ئەوا من زۆر نیگەرانم لە مردنی خەڵك لە سوریادا، هەروەها وەك تاکەکەس دیڤید کامیرۆن و ئۆباماش نیگەرانن لەم رووەوە، بەڵام دەبێت- بە داخەوە کە ئەمە دەڵێم- بەرژەوەندی و سوودی سوریا لەم دەستێوەردانە لەبەرچاو بگرن کە روون نییە، چونکە بارودۆخەکە بە تەواوەتی شێواوە، هەروەها دەبێت رەچاوی تێچوونەکانی بکەن، لە رووی سەربازەکانیان و لە رووی بودجەکەیان و کۆمەڵگەکانیانەوە.

*** باشە با پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین، ئایا سوریا نەبۆتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو کە هەڕەشە بێت لەسەر ئاسایشی جیهان؟**

- من هیچ گومانێکم نییە لەوەی سوریا دەبێتە دەوڵەتێکی شکستخوارد و دەچێتە پاڵ دەوڵەتە شکستخواردووەکانی دیکە. ئەوەی پەیوەندی بە حزبوڵڵاوە هەبێت ئەوا- ئەمە بۆچوونی شەخسی خۆمە- کە جگە لە تەقاندنەوەی پاسێك لە بۆرگاس لە ساڵی ٢٠١٢دا ئەم رێکخراوە لە دەرەوەی ناوچەکە چالاکی نەبووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە دابینکردنی مۆڵگەیەکەوە بۆ ئەلقاعیدە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رژێمەکەی ئەسەد یان موعارەزەی سوری ئەم مۆڵگەیەی بۆ دەستەبەر کردووە.



**ئەو دابەشبوونەی کە هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا دەستێوەردان بکرێت لە سوریادا یان نا؟ مەسەلەیەک نییە تەنیا پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێت، بەڵکو لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا دەبێت حکومەت بایەخ بە رای گشتی بدات**

*** ئایا مەترسی ئەوەش نییە عێراقیش وەك سوریای لێبێت ئەگەر هاتوو ئەسەد لە دەسەڵاتدا مایەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا کە لە راستیدا بارودۆخەکە لە عێراقدا زۆر خراپە، و ئەمریکا و بەریتانیا و ئەوانی دیکە نزیکەی ٨٠٠ یان ٩٠٠ ملیار دۆلاریان خەرجکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە، بەڵام شکستیان هێنا و هیچ ئەنجامێکمان نەبینی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جارێکی دیکە ئەمە دەکەین، من لەو باوەڕەدانیم. لە عێراقدا کێشەی ناوخۆیی زۆر جددی هەیە و ئەم کێشانەش لە هەڵکشاندان، سەبارەت بەم پرسە ئەو پرسیارەی رەنگە ئێوە زۆر گرنگی پێبدەن ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەتوانێ چی بکات لەم رووەوە، بڕوانن ئەمریکا چووە عێراقەوە و پشێوی خوڵقاند- جگە لە کوردستان-، و ئەگە پرسیار بکرێت ئایا ئێمە کارێك لە بەرامبەر سوریادا دەکەین بەهۆی ئەو پەیوەندییەی بە عێراقەوە هەیە، وەڵامەکە نەخێرە.

*** هەروەها بارودۆخی سوریا کاریگەری دەبێت لەسەر هەل و مەرجی ناوخۆیی تورکیا و تورکیاش لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هاوکاری موعارەزەی سوری کردووە، ئایا مانەوەی ئەسەد نابێتە هۆی ئەوەی بیر لە تۆڵەکردنەوە لە تورکیا بکاتەوە و ئەمەش بارودۆخەکە خراپتر دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و پرسیارێکی ئاڵۆزە، سەرەتا من قەناعەتم وانییە کە ئەسەد بەم شێوەیەی ئێستا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و پێشبینی دەکەم لەگەڵ پەرەسەندنی رووداوەکاندا سازش بکات و دەسەڵاتی لێوەربگیرێتەوە و جۆرێك لە حکومەتی هاوپەیمانێتی پێکدەهێنرێت لەو لایەنانەی موعارەزە کە پێیان دەوترێت لایەنی میانڕەو، لەگەڵ ئەو لایەنانەی نێو رژێمەکەی سوریا کە بە میانڕەو دەناسرێن، لەگەڵ عەلەویەکان. کەواتە سەرەتا من گومان لە بنەمای پرسیارەکەتان دەکەم. دووەم ئەوەی پەیوەست بێت بە تورکیاوە، ئەوا من کاتێکی زۆرم لە تورکیا بەسەربردووە و ئەم وڵاتە کێشەیەکی زۆری هەیە، نەك هەر تەنها کێشەی کورد، بەڵام گەورەترین کێشەی ئەمنی لە تورکیادا پەکەکەیە.

*** باس لەوە دەکەن ئێران براوەی سەرەکییە لە کێشەی سوریادا، کە ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ رۆژئاوادا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند بارودۆخی سوریای بۆ سوودی خۆی بەکارهێناوە بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمیەکەی؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسی دیکەیە، من باوەڕم وایە ئێران بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە پشتیوانیکردنی حکومەتەکەی ئەسەد لە دژی موعارەزەیەك کە سوننەکان زاڵن بەسەریدا- ئەگەرچی بە تەنیا سوننە نین-، ئەمە روونە و ئەمە بەشێکە لە بارودۆخێکی گەورەتر لەو بەشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان سعودیە و قەتەر و ئەوانی دیکە لەلایەن و ئێران لەلایەکی دیکەوە، و عێراقیش لەو نێوەندەدایە. بەڵام ئێرانیش کێشەی گەورەی هەیە، ئێستا سزا ئابوورییەکان کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵکو کاریگەری سلبی زۆر بەرچاویان هەیە لەسەر ئێران، کەواتە سەرۆك روحانی پاڵنەری ناوخۆیی زۆر بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی کێشەکان لەگەڵ رۆژئاوا و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو چارەسەر ببات. لەبەر ئەوەی ئەمە مەترسی هەیە لەسەر سەقامگیری ناوخۆیی لە ئێراندا، کەواتە ئەمە لۆژیکێکی جیاوازە، لەو لۆژیکەی لە سوریادا هەیە. هەروەها ئەو راستیەی کە ئەو ئێستا لە نیویۆرکە و باس لە گفتوگۆکردن دەکرێت، ئەوا ئەمە رەنگدانەوەی بارودۆخی ناوخۆییە، نەك ئەوەی سوود وەرگرتنێکی ستراتیجی بێت لە بارودۆخی سوریا. لە بۆنەی جیاوازدا ئەمریکا ویستویەتی خۆی لە رژێمەکەی ئێران رزگاربکات و هەروەها هەوڵیداوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، لەم ساتەوەختەشدا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی بکاتەوە، کە دەزانێت گەمەکارێکی سەرەکیە لە ناوچەکەدا کە گرنگە بۆ ئەمریکا، دواتر ئەگەر سەرۆك روحانی یان ئایەتوڵا خامنەئی بیانەوێت گفتوگۆ بکەن، بۆچی گفتوگۆ نەکەین...رەنگە بتوانیت بگەیتە رێککەوتن لەگەڵیاندا و رەنگە نەتوانیت بگەیتە رێککەوتن، بەڵام ئەگەر نەتوانیت، ئەوا رەنگە شتی خراپ رووبدات.

**حاڵی حازر سیاسەتی ناوخۆیی سوریا لە پشێویدایە و ئەم پشێویەش بەهۆی دەستێوەردانەوە ناڕەوێتەوە**

**لە بۆنەی جیاوازدا ئەمریکا ویستویەتی خۆی لە رژێمەکەی ئێران رزگاربکات و هەروەها هەوڵیداوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، لەم ساتەوەختەشدا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی بکاتەوە، کە دەزانێت گەمەکارێکی سەرەکیە لە ناوچەکەدا**

# رژێمی سودان
# روو لە رووخانە و
# راپەڕینیش لەبەردەم چەندین
# سیناریۆ و ئەگەردایە



ئەسما حوسەینی / تایبەت بۆ گوڵانی نوسیوە

دەریای رق و تووڕەیی سەرتاپای سودانی گرتۆتەوە و ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیان رژاونەتە سەر شەقامەکان و سنگیان داوەتە بەر گولەی رژێم و لە ئاکامدا خوێنێکی زۆری خۆپیشاندەران رژا و شەقام و کوچەو گۆڕەپانەکانی پێ سووركرا ، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێك دژی رژێمی عومەر بەشیر کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوێ بەم شۆڕشە نادات و مەترسیی ئەم هەڵوێستە لەبەر چاو ناگرێت،تا گەیشتە ئەو رادەیەی بە زەبری گولەو توندوتیژی رووبەڕووی خۆپیشاندەران ببێتەوە،دیارە ژمارەی ئەوانەی تا نووسینی ئەم بابەتە کوژراون گەیشتۆتە ٢١٠ کەس بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی خەرتووم،کە رەنگە لەوەش زیاتر بێت، ئەمە وێرای سەدان بریندارو بەندکراو.

نووسەرو رۆژنامەنووس خاتوو رەباح سدیق لەم بارەیەوە دەڵێت:گەورەترین فاکتەر کە هانی سودانییەکانی دا خۆپیشاندان سازبکەن بریتییە لە هەستکردن بە پێشێل کردنی کەرامەت و ئاخاوتنە ورووژێنەرو بێ سەروبەرەکەی سەرۆکی سودان کە گوتبووی: گەلی سودان لە سایەی فەرمانڕەوایی مندا فێری خواردنی پیتزاو سەندەویچ بوونە!! ئەو نووسەرە زیاتر دەڵێت:بەشیرو سەرکردایەتیی حزبەکەی گوێ بە مەینەتییەکانی خەڵك نادەن و بەڵگەش بۆ ئەمە بە هانانەچوونی سەدان کەس بوو کەلە ئەنجامی لافاو و بە کارەبا لێدان گیانیان لەدەست دا و هیچ یارمەتی و هاوکارییەکیان بۆ رزگارکردنیان لە مردن پێشکەش نەکردن.

دیارە رژێمی سودان کە چارەکە سەدەیەکە بە ئاگرو ئاسن حوکمی ئەو وڵاتە دەکات لەژێر دروشمی ئیسلام، سوورە لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئەو شەپۆلە نارازییەی میللەت،ئەویش بە سەرکوتکردنی ئەمنی و دەمکوتکردنی میدیاکان،بەڵام دەبینین رۆژنامەنووسێکی گەنجی وەك بەهرام عەبدولمنعم توانی ئەو بەربەستە بێدەنگییە بشکێنێ و رووی لە وەزیری راگەیاندنی رژێم کردو لێی پرسی:بۆچی ئەوەندە پێداگریی دەکەن لەسەر درۆکردن لە کاتێکدا قەناسهاوێژانی حزبەکەی بەشیر(کۆنگرەی نیشتمانی)خۆپیشاندەرانیان کوشتووە،بۆچی دەبێ لەسەر لاشەی ئەم خەڵکە درێژە بە حوکمڕانیتان بدەن،بەڵام دوای تەواوبوونی قسەکانی، بەهرام دەستگیرکراو دواتر ئازاد کرا، لە هەمان کاتیشدا چاودێرییەکی توند خرایە سەر رۆژنامەو میدیاکانی سودان،کە ئەمە کاریگەریی زۆری هەبوو و لە ئەنجامدا هەندێ لە رۆژنامەکان داخران و خودی رژێمیش نووسینگەی ئەلعەرەبیەو سکای نیوزی داخست و هێڵی ئەنتەرنێتی پچڕاند و بەردەوامیش راوەدووی میدیاکارانی دەنا و رێگەی پێ دەگرتن.

هەست و تووڕەیی سنووری ترس و کۆنترۆڵی بەزاند کە دەزگاکانی رژێم سەپاندبووی کاتێ لە ساڵی ١٩٨٩ جڵەوی دەسەڵاتیان کەوتە دەست و کودەتایەکی سەربازیان بەسەر دیموکراتییەتدا بەرپاکرد،لەو کاتەوە تاکو ئێستاش رژێم بەردەوامە لە راوەدوونانی نیشتمانپەروەر و چالاکوانان لە رێگەی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی هەواڵگری و مێلیشیا ئەمنییەکانی خۆی،چەندین دەزگای دیکەیشی دروستکرد بۆ تەنگ هەڵچنین بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکانی لاوان و زانکۆو سەندیکاو بزووتنەوە چەکدارییەکان،لەمەشدا رژێم سامان و پارەیەکی زۆری لە بوودجەی وڵات لە ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان و شەڕو کوشتارەکانی لەگەڵ هاوولاتیان لە سەرتاپای سودان و لە باشووریش بەهەدەر دا. لە دوا وتاریشیدا، عومەر بەشیری سەرۆکی سودان رووی لە سودانییەکان کرد و پێی گوتن:جیابوونەوەی باشوور کاریگەریی بۆ سەر رەوشی ئابووریی وڵات هەبوو،ئەمەش پێچەوانەی وتارەکانی پێشووی بوو، کاتێ دەیگوت باشوور بارگرانییە بەسەر وڵاتەوە و ئەگەر جیابێتەوە ئەوا ئێوە لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا دەژین! بەڵام سێ چارەگی بەرهەمهێنانی پترۆلی لەگەڵ خۆیدا برد.

لە ئێستادا راپەڕینەکەی سودان رووبەڕووی چەندین سیناریۆ و ئەگەر دەبێتەوە دوای ئەوەی رژێمی بەشیر نەیتوانی بگاتە سازانێکی ناوخۆ لە وڵاتدا،ئەگەری یەکەم بریتییە لە دەستگرتن بەسەر راپەڕین و کپکردنەوەی، کە ئەمەش ئومێدێکی تەواوی رژێمی بەشیرە لە رێگەی هێزو مێلیشیاکانییەوە و بە نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵ و دەروونی هاوولاتیانی سڤیل و بێ دەسەڵات بەمەش لە هەوڵی نانەوەی شەڕ و دووبەرەکی و ئاژاوەدایە،دیارە لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە کە سیاسەتی بێدەنگی بەسەر رووداوەکانی سوداندا بپۆشێت و نەهێڵێت هەواڵی راپەڕین و ستەمەکانی خۆی بەدەرەوە بگات،بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نابێت چونکە خۆپیشاندانەکان بە هەستێکی پاك و ئامانجدار رێك دەخرێن و میللەت پشتگیریی لێ دەکات،ئەمە وێرای پشتیوانیی بەردەوامی حزبە سودانییەکان بۆ خۆپیشاندەران و خودی هاوولاتیانی سودانیش چی دیکە بڕوایان بە براکوژی و دووبەرەکی لەسەر بنەمای ئیتنی و عەشیرەتگەریی و ناوچەگەری نەماوە و سوورن لەسەر ئەوەی کە خوێنی خۆیان بە دەستی خۆیان نەڕژێنن و لە ئەنجامیشدا رژێم لێی سوودمەند بێت،هاوکات شۆڕش گەیشتۆتە چین و توێژە بەرزەکان لە کۆمەڵگەی سودانیدا، بەڵگەش بۆ ئەوە کاتێ پزیشکێکی گەورە کە کوڕی بنەماڵەیەکی خانەدان و دەستڕۆیشتوو بوو کوژرا لە کاتی ناشتنی تەرمەکەیدا هاوولاتیان پڕ بەدەم هوتافیان بە ڕووخانی رژێم دەکێشا،لە هەمووی گرنگتر بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی تەنانەت لە نێو خودی سەرکردایەتییە ئیسلامییەکانیشە کە لە یاداشتێکدا داوایان لە سەرۆکی رژێم دەکرد لە بڕیارە ئابوورییە چەوتەکانی پاشگەز ببێتەوەو واز لە سەرکوتکردنی ئەمنی بهێنێت و پەنا بۆ سازانی نیشتمانی بەرێت.

ئەگەری دووەم ئەوەیە کە راپەڕینە میللییەکە سەرکەوێت و ببێتە شۆڕشێکی سەرتاسەری کە بتوانێت رەگ و ریشەی رژێم لە بنەچەدا هەڵکێشێت،بەڵام ئەم کارە پێویستی بە کاتە،رەنگە رژێم زیاتر هێز بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە بخاتەگەڕ، ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە هەر چوار بزووتنەوە سەربازییەکە کە بەیەکەوە(بەرەی شۆڕشگێڕیی) یان پێکهێناوە بێنە پاڵ راپەڕینە میللییەکەوەو هاوولاتیان لە ستەم و راوەدوونانی رژێم بپارێزن،بەڵام رەنگە ئەمە سەخت بێت و بگاتە رادەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و دواتر دەستێوەردانی دەرەکی و سیناریۆیەکی وەك ئەوەی سوریا،کە ئەو کاتە رژێم و مێلیشیاکان بە ئاسانی دەستبەرداری حوکم نەبن،ئەگەری چوارەم ئەوەیە کە گۆڕانکاریی لە نێو رژێمدا بێتەئاراوە یان لەلایەن هێزە ئیسلامییەکان لە دەرەوەی رژێم،جا بە کودەتای نێو کۆشك بێت یان بە کودەتای سەربازی،بەر لە چەند مانگێکیش هەوڵدانی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو بۆ لە ناوبردنی رژێم بەرپابوو بە سەرۆکایەتیی سەلاح قوش سەرۆکی پێشووی هەواڵگری و بە بەشداریی ژمارەیەك لە سەرکردایەتیی سەربازیی ئیسلامی لە نێو سوپادا،ئەگەری پێنجەمیش ئەوەیە کە بەشیر دەستبەرداری حوکم بێت یان هەندێ پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکان بۆ خەڵك رابگەیەنێت،بەڵام سووربوونی ئەم رژێمە لە دەست گرتنی بە کورسیی دەسەڵاتەوە بەم هەموو ستەم و هێزەوە ئەستەمە ئەم ئامانجە بێنێتە دی.

**تائێستا رژێمی سودان سامان و پارەیەکی زۆری لە بوودجەی وڵات لە ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان و شەڕو کوشتارەکانی لەگەڵ هاوولاتیان لە سەرتاپای سودان و لە باشووریش بەهەدەر دا**

**بزاوتی ئەم جارەی سودان وەک کاردانەوەیەک بوو لەهەمبەر زیادکردنی نرخی سووتەمەنی و کالای دیکە کە ئەم ساڵ گەیشتە دوو ئەوەندەی نرخی پێشوو،ئەمەش بڵێسەی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەیە**

**دەستگرتن بەسەر راپەڕین و کپکردنەوەی، ئومێدێکی تەواوی رژێمی بەشیرە لە رێگەی هێزو مێلیشیاکانییەوە و بە نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵ و دەروونی هاوولاتیانی سڤیل و بێ دەسەڵات بەمەش لە هەوڵی نانەوەی شەڕ و دووبەرەکی و ئاژاوەدایە**